# تێروانینە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژن و پێگەی ژن

هێرۆ کوردە



توێژینەوە

کتێبی ژنەفتن

١٨

# تێروانینە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان

# بۆ ژن و پێگەی ژن

هێرۆ کوردە

# تێروانینە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژن و پێگەی ژن

هێرۆ کوردە

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: تێروانینە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژن و پێگەی ژن
نووسینی: هێرۆ کوردە
بابەت: توێژینەوە
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
تابلۆی بەرگ: هێرۆ کوردە
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، تشرینی دووەمی ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٩٩ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

## پێرست:


پێشەکی........................................................................ ٨

تەوەری یەکەم: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا........... ١١

تەوەری دووەم: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا.......... ٣١

تەوەری سێیەم: تێڕوانینە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بۆ ژن و پێگەی ژنی کورد.......................................................... ٦٩

سەرچاوەکان.................................................................. ٩٥

## پێشەکی:

بە درێژاییی مێژوو، دوانەی ئایین و کولتوور هەمیشە دەستیان هەبووە لە چەوساندنەوەی ژنان و زەوتکردنی مافەکانیان و ئەژمارکردنیان بە ژمارە دوو.

لە سێبەری ئایینەکاندا ژنان هەمیشە مافخوراو و پەراوێزخراو بوون و هەن، ئەمەش بەهۆی بەکەم تەماشاکردنیان و بە کەرەستەکردنیان بۆ خزمەتی پیاوان، شانبەشانی گەشەسەندن و پیربوونی ئایینەکان دۆخی ژنانیش لەژێر باری قورسی بەکەم تەماشاکردن و پەراوێزخستن درێژەی کێشاوە.

بێگومان هەمیشە لایەنگرانی ئایینەکان و پیاوانی ئایینی پێچەوانەی ئەمانە قسە دەکەن و ئایینەکان بە پارێزەری ژنان و مافەکانیان دەناسێنن و ئەوە دەڵێن کە بێ ئایین ژنان تووشی سەرگەردانی و چەوسانەوە دەبن. بۆ مەسەلەکانی زەوتکردنی مافی دارایی لە میرات و فرەژنی و بێبەشکردنی ژنان لە هەندێ پۆست و پێگە بیانووی ئەوە

دەهێننەوە کە ئەمە تەواو لە بەرژەوەندیی ژن و ژیانی ژناندایە.

کاتێک لەژێر کاریگەریی دەم و وتارەکان دەردەچین و خۆمان لێکۆڵینەوە لەم مەسەلانە دەکەین بە مەبەستی دڵنیابوون و خستنەڕووی ڕووی ڕاستەقینەی ئایینەکان و دۆخ و پێگەی ژنان لە ئایینەکاندا، دەکەوین بەسەر حەقیقەتی زۆرتاڵ و ترسناک و ناسینی ڕەگ و ڕیشەکانی توندوتیژییەکان.

ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی سەرەتایی و سادەیە بۆ دەرگاکردنەوە لەسەر حەقیقەتی کاریگەریی ئایینەکان لەسەر دۆخی ژیانی ژنان بە درێژاییی هەزاران ساڵ و بەرەو پاش بردنیان و زەوتکردنی ژیانیان پشتبەستن بە ئایەت و فەرموودەی و دەقی ئایینی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە.

تەوەری یەکەم: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا.

تەوەری دووەم: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا.

تەوەری سێیەم: تێڕوانینە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بۆ ژن و پێگەی ژنی کورد.

# تەوەری یەکەم: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا

## ١-١: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا

دۆخی کۆمەڵایەتیی ژن بەپێی وڵات و شار و کولتوور و پەروەردەی خێزانی و تەنانەت ئەو ئایینەی کۆمەڵ و خێزان پابەندی دەبن جیاوازە، چونکە «بە درێژاییی مێژوو، ژن لە هەموو سەردەمێک و لە هەر بیروڕایەکی ئایینیدا و بە جۆرێک و بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و زۆربەی جارەکانیش مامەڵەیەکی ناتەندروستانە بووە»(ئارام سدیق، ٢٠٠٧، ٤٦). لە هەندێ لە وڵاتانی هزرپێشکەوتوو، ژن خاوەنی بڕیارە و لە پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا لە ڕیزبەندیی یەکەمە و لە زۆر وڵاتی دیکەش هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی، لە دۆخێکی نالەباردایە. هەرچەندە ئەرکەکانی بەرانبەر بە ئەرکی پیاوانە، بەڵام لە مافدا یەک لەسەر چواری پیاوە، کێشەی گەورەی کۆمەڵیش، قسەکردنە لەسەر دۆخی ژنی ڕۆژهەڵاتی، کە لە زۆر

ڕووەوە مافخوراو و لە زۆر ڕووەوە ئەوپەڕی خۆڕاگری و بوێرییان هەیە لە مانەوە و درێژەدان بە خەباتی مەدەنی و داواکردنی مافەکانیان و کارکردن بۆ دەستەبەرکردنیان و وەرگرتنەوەیان.

ئەم پرسە زۆر نووسین و توێژینەوەی گەورە لەخۆ دەگرێت بۆ گەیشتن بە کرۆکی مەسەلەکە و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پیاوسالاری و لەناوچوونی سەردەمی ژنسالاری. من لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەم مشتێک لە خەرمانێک بخەمە بەرچاو بە ئامانجی تیشکخستنەسەر ئەم پرسە لەڕووی ئەکادیمییەوە، بە لەخۆگرتنی هەندێ لایەنی گرنگی ژیانی ژن، وەک لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بواری کارکردنی ژنان، چونکە لەم سێ بوارەدا ژنان خۆیان دروست دەکەن و هاوکات لەم سێ بوارەدا زۆرترین زەبریان بەر کەوتووە، بە تایبەتی بواری کۆمەڵایەتی، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کشانەوەی ژن لە بوارەکانی دیکەدا هەبووە، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتیی پشتبەستوو بە ئایین و نەریت و کولتوور دەبێتە هۆکارێکی

بەهێز لە پاشخستن و پەراوێزخستنی ژن و زۆرکردنی نەهامەتییەکانی.

## ٢-١: دۆخی کۆمەڵایەتیی ژنانی ڕۆژهەڵات

کورد دەڵێت: «ژن و ماڵیان وتووە». دوو سێ پەندی هاوشێوە بەسە بۆ ئەوەی ئەو قەناعەتە لای ژن دروست بکەین، کە کاری ئەو تەنیا ماڵداری و منداڵخستنەوەیە، هەرچەندە بەراورد بە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، دوێنێ و ئەمڕۆ کورد ڕێزی زۆری لە ژن گرتووە، بەڵام غەدری زۆریشی لێ کردووە، هەر لە بابەتەکانی کارکردن و هاوسەرگیری و پرس و ڕاوێژ و خوێندەواری و... تا ڕۆژگاری پێشکەوتووی ئەمڕۆ هەندێک لەو کێشانە چارەسەر کراون و هەندێکی دیکە قووڵتر کراونەتەوە. بە ئەندازەیەک کە لە زۆر بواردا ژنان پەردەپۆش و شاراوەن؛ چ بە زۆر چ بە ویستی خۆیان. هەرچەندە سەدان توێژینەوە و بەدواداچوون بۆ دۆزی ژنان کراوە و دەکرێت و ڕۆژانە لەودیو دیواری کۆمەڵ و نەریت و کولتوور و ئایینە جیاوازەکانەوە هەزاران نهێنی و هەڵاواردن دژ بە ژنان

دروست دەکرێت و ئەم لێکۆڵینەوانەش ڕوو لەزیادبوونن و مایەی سەرنجی جیهانن، «ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ سروشتی ئافرەت خۆی بگەڕێتەوە، کە لەڕووی مێژووییەوە دووچاری ستەمێکی زۆر بووەتەوە، بە جۆرێک هەست و سۆزی مرۆڤ دەهەژێنن و دەمانخەنە ژێر پرسیارگەلێکەوە لە بەرانبەر ئەو ژێردەستەیی و لاوازییەی ئافرەتان بەرانبەر پیاوان، بە جۆرێک ناچارمان دەکات بە دوای فاکتەرەکانی ئەو جیاوازییانەدا بگەڕێین، تاوەکوو بەو چەوسانەوەیە ئاشنا بین و درک بەم پرسە وروووژێنەرە بکەین»(ناسیر حسێن، ٢٠١٢، ٢٦).

دۆخی کۆمەڵایەتیی ژنی ڕۆژهەڵاتی لە وڵاتانی عەرەبی و و ئیسلامی تا ڕادەیەک خراپترە بەراورد بە وڵاتانی دی، مەبەست لەو شوێنانەی پابەندی ئایینەکە نین، ئەمەش بۆ مێژوویەکی دوورودرێژی ئەو نەریت و ئایینانە دەگەڕێتەوە کە لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا پەیڕەو کراوە، بۆ نموونە لە دوورگەی عەرەبی، زۆر سووکایەتی بەرانبەر بە ژنان کراوە؛ لە سەردەمانی زوو پیاوان لە ڕووی سێکس و ژنهێناندا یاسا و ڕێسایەکی تایبەتیان

نەبوو و مافی ژنەکانیان دەخوارد، «بۆ پیاو هیچ ڕێژەیەکی دیاریکراو نەبووە چەند ژن بێنێ، دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی ژنی هەبێت، ژن لای عەرەبەکان لە میرات بێبەش دەکران، لەو سەردەمەدا پیاوان ژنەکانی خۆیان دەنارده لای گەورەپیاوەکانیان بۆ ئەوەی سکی لێ ببێ و دواتر دەگەڕایەوە لای مێردەکەی، بەمەش ئەم منداڵە ئەگەر کوڕ بوایە ڕێزی زیاتری دەبوو، گوایە ئەمە لە پیاوێکی ناودارەوە پەیدا بووە، هیچ حیسابیش بۆ هەستی ئافرەتەکە نەدەکرا»(ناسیر حسێن، ٢٠١٢، ٢٩). ئەمڕۆش دۆخی ژنان باشتر نییە؛ زیندەبەچاڵ ناکرێن، بەڵام ڕووبەڕووی توندوتیژیی خراپتر دەبنەوە، لە جاران زیاتر دەکوژرێن و پەراوێز دەخرێن، چونکە سیستمی سەرمایەداری وەک مەکینەیەکی بێهەست لە تەواوی بوارەکاندا ژنان دەهاڕێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە کاریان دەهێنێت و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەیانکات بە کۆیلەی مۆدێرن.

لە وڵاتی جەزائیر بە بەرچاوی پۆلیس و حکوومەتەوە تێزاب دەکرێت بە سەروچاوی کچانەوە، جا بەهۆی توندوتیژیی ئایینییەوە بێت یان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی. لە میسر

دەیان بازرگانی بواری مرۆڤ بە بەرچاوی حکوومەتەوە بازرگانی بە جەستەی ژنەوە دەکەن و لە بوارەکانی سەمای کەمنرخ و یانەی شەوانە و سازکردنی شەوانی تایبەت بە پیاوانی دەوڵەمەندی خەلیجیدا هەزاران ژن بەکار دەهێنن، ئەوە جگە لە ڕیزبەندیی یەکەمی دەستدرێژیی سێکسی.

لە تورکیا بە یاسا قەدەغەیە پیاو، ژنی دووەم بهێنێت و لە بڕگەی ١ی ماددەی ٢٣٠ لە یاسای سزادان، سزای شەش مانگ تا دوو ساڵ بەسەر ئەو پیاوەدا دەسەپێنێت کە ژنی دووەمی خواستبێت و یاسا هیچ مافێک بە ژنی دووەم نادات، ئەوە جگە لەوەی مارەکردن بە یاسای مەدەنییە و کەس ناچار نییە بە یاسا و ڕێسای ئایینی، گرێبەستی هاوسەرگیری بکات، مەگەر خۆی ئارەزووی لەوە بێت.

بەپێی ڕاپرسییەک، کە ڕێکخراوی (تۆمسن ڕۆیتەرز فاوندەیشن) لە نۆڤەمبەری ٢٠١٣دا ئەنجامی داوە، لەناو وڵاتە عەرەبییەکاندا میسر خراپترین وڵاتە بۆ ژن، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕابردوودا میسر بەرانبەر بە ژنان زۆر مێشکئاوەڵاتر بووە و سینەما و هونەری زیندووی ئەو وڵاتە گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن. هەروەها لە ڕووی

چاککردن و پێداچوونەوە بە یاساکاندا پێشەنگی وڵاتی هاوسێی بووە، «میسر لە لایەن خۆیەوە لە پێشەنگی وڵاتانی عەرەبی دێ، کە یاسای تایبەتی بە مافەکانی ژنانی هەموار کرد و سەرەتاش پرۆژەیاسای نوێی باری کەسیەتی هەموار کردەوە و لە مانگی دیسەمبەری ١٩٩٩ خستییە بەردەم پەرلەمانی میسر. ئەوکات گفتوگۆ و دەمەقاڵێیەکی زۆری لە نێوەندی رۆژنامەوانیی میسری و نێوەندە ئایینی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و دادوەرییەکاندا هێنایە کایەوە، بە تایبەتی لەو پرسانەی پێوەندییان بە کێشەی (خلع)ەوە هەبوو، کە ڕێگە بە ژنان دەدا تەڵاقی خۆی بەدەست بهێنێ لە بەرانبەر دەستبەرداربوون لە مافەکانی خێزانداریەتیی خۆی»(جورج طرابيشي، شرق و غرب رجولة وانوثة، ص256). دوابەدوای ئەویش عێراق و سعوودیە و سووریا و یەمەنن. لەو ڕاپرسییەدا کە ڕەوشی ژن هەڵسەنگێنراوە، لە ٢٢ وڵاتی عەرەبیدا لەسەر بابەتەکانی توندوتیژیی بەرانبەر ژن و مافەکانی منداڵبوون productive right و مامەڵەکردن لەگەڵ ژن لەناو خێزاندا و تێکەڵبوونیان لەناو کۆمەڵ و هەڵوێستیان بەرانبەر ڕۆڵی ژن لە بواری سیاسەت و ئابووریدا، وڵاتانی کۆمۆنوێلس

(جزر القمر) و عوممان و کوەیت و ئوردون و قەتەڕ لە ڕیزی سەرەوەی ڕاپرسییەکەدا دێن. ئەنجامەکان لە وەڵامی 336 پسپۆری بواری جێندەردا وەرگیراون، کە لە مانگی ئۆگەست و سێپتەمبەری ئەو ساڵەدا لەلایەن فاوندەینشنەوە بانگ کرابوون بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسییەکەی، کە لەسەر ئینتەرنێت ئەنجام درابوو. پرسیارەکان لەسەر بنەمای پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازکارییەک بەرانبەر ژن) دارێژرابوو، کە ١٩ وڵاتی عەرەبی واژۆیان لەسەر کردووە یاخود پشتگیرییان کردووە. پسپۆڕانی جێندەر داوایان لێ کرابوو گرنگیی ئەو فاکتەرانە هەڵبسەنگێنن، کە کار لە مافی ژنان دەکات لەو شەش بوارەدا (توندوتیژیی بەرانبەر ژن، مافی منداڵبوون، مامەڵەکردن لە تەک ژن لەناو خێزاندا، تێکەڵبوونیان لەناو کۆمەڵ و هەڵوێستەکان بەرانبەر ڕۆڵی ژن لە سیاسەت و لە بواری ئابووریدا). وەڵامەکانیان خراپە لیستەوە لە خراپەوە بۆ باش، کە بەم جۆرە بوو:

خراپترین دوو وڵات:

١- میسڕ:

لەو ڕاپرسییەدا میسڕ وەک خراپترین وڵات کە تێیدا ژن ڕووبەڕووی زۆرترین حاڵەتی توندوتیژی و هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نائینسانی دەبێتەوە، چووە بەشی گەورەی هەڕەمەکە. ئەو جۆرە توندوتیژییانەش لە خراپترینەوە دەستی پێ کرد تا خراپ و بەم شێوەیە بوو: توندوتیژیی سێکسی، لاقەکردن و بازرگانیکردن بە ژن (بەقاچاخبردنی ژن بۆ وڵاتانی کەنداو)، هاوکات هەرەسهێنانی ئاسایش، خەتەنەی ژن (کە بە ڕادەیەکی مەترسیدار بەربڵاو بووە و تەشەنەی کردووە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشین و دوورەدەستەکاندا، کە جگە لە خراپییە کۆمەڵایەتییەکانی، بە شێوازێکی پیس و ناتەندروستیش لەلایەن ژنانی نەخوێندەوارەوە ئەنجام دەدرێن)، پاشەکشەی ئازادییەکان لە شۆڕشی ٢٠١١ـەوە. هەموو ئەمانە میسڕیان خستۆتە بنەوەی لیستی ڕاپرسییەکە.

٩٩٪ی ئافرەتان دووچاری لاقەکردن بوونەتەوە بە هەموو شێوازەکانەوە، لە شوێنی تایبەت و تەنانەت لە شوێنە

گشتییەکانیشدا، تەنانەت زۆر جار بە بەرچاوی خەڵکەوە بووە (هەزاران ژنیش بەهۆی مەترسیی لاقەکردنەوە دەستیان لە کارەکانیان کێشاوەتەوە). ٢٧٠٢ ملیۆن ژن، کە دەکاتە ٩١٪ی دانیشتووان لە ژنان خەتەنە کراون. هەندێکیان تەنانەت بە گەورەییش وایان لێ کراوە و زۆر سەرچاوەش باسی ئەوە دەکەن لەناویاندا ئەتککراو (خەتەنەی زیادەڕۆ و زۆربڕین) و مردنیش هەیە بەهۆی خوێنبەربوون و ترسەوە.

٦٣٪ی ژنان نەخوێندەوارن، ئەمەش وای کردووە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان ڕوو لە خراپبوون بکات، یان دەبنە کۆیلەی هاوسەرەکانیان بەهۆی نەبوونی ئازادیی ئابووری، یانیش ئەنجامدانی کاری کەمبەها.

٢- عێراق:

بوونی عێراق لە پلەی دووەم خراپترینی وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئاماژەیە بۆ هەرەسهێنانی دراماتیکیی بارودۆخی ئەو وڵاتە بۆ ژن لە ٢٠٠٣وە، ئاوارەبوونی

بەکۆمەڵ، ژنانی دووچاری بازرگانیپێکردن و توندوتیژیی سێکسی کردووەتەوە، هەروەها بەپێی یاسای عێراقی، ژنکوژ ئەوپەڕی سێ ساڵ زیندانی دەکرێ، لەبری زیندانیی هەتاهەتایی و زۆر جاریش دەستگیر ناکرێت. لەڕووی کارکردن و دەستی کاری ژنەوەش «لە ١٣٪ ژنانی عێراقی ئامادەییی کارکردنیان هەیە و بە کردەکی کار دەکەن و کەمتر لە ١٪ لە پۆستی باڵای ئیداریدان»(نور فرج، الأدنى في سلم العمالة النسائية بالعالم، كركوك ناو، ٢٠٢٠). بەپێی بڵاوکراوەکانی وەزارتی پلاندانی عێراقی، عێراق لە ڕیزبەندیی دووەمی وڵاتانە لە کەمیی دەستی کاری ژن لە کۆی ١٣٠ وڵات. بڵاوکراوەکانی بانکی نێودەوڵەتی ئەوە دەخەنە ڕوو کە بەشداریی کارای ژن لە بواری کارکردندا لە ١٢٪ بۆ ١٦٪ بەرز بووەتەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ لە بەرانبەردا لە هەمان ماوەدا لە عێراق ڕێژەکە لە ١١٪ بۆ ٨٪ دابەزیوە، بەهۆی خراپیی ڕەوشی ژن لە شوێنی کار و جیاوازیی حەقدەست لەنێوان نێر و مێدا، هەروەها بەهەندوەرنەگرتنی توانا و بڕوانامەی ژنان لە دامەزراوە حکومییە باڵاکاندا. «بەپێی بەیاننامەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان عێراق بە وڵاتی

بێهاوسەرەکان (بێوەژنان) ناسراوە کە ڕێژەیان لە ٦٠٪ی ژنانە».(محسن حسن، العراق بلد الأرامل والأيتام، موقع الزمان، ٢٠١٢). ئەمەش واتە هەژاری، نەخوێندەواری، مەترسی لەسەر پەروەردەی نەوەی ئایندە، هەروەها بەرزبوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنانەوە بە سێکس و ماددەی هۆشبەر، هەزاران ژنی ئاوارەی عێراق ناچار کراون لە وڵاتە دراوسێکانی وەکوو سووریا و ئوردون و ئیماڕات لەشفرۆشی بکەن. لە هیندستان و بەنگلادیش و سۆماڵدا هەموو سەعاتێک ژنێک لاقە دەکرێت و دەیان ژن توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت و دوو تا سێ ژنیش دەکوژرێن. لە سوودان گەر ژنێک، بە تۆمەتی ئەوەی لاقە و دووگیان کراوە، داوا لەسەر کەتنکەرەکە تۆمار بکات، داوای چوار شاهێدی لێ دەکەن! گەر بۆی پەیدا نەکرێت، کە مەحاڵە بکرێت، بە پاساوی ئەوەی ددانی بە تاوانی زیناکردندا ناوە، سزا دەدرێت. لە نێجیریا فرەژنی شتێکی زۆر ئاساییە و لە وڵاتانی کەنداودا هیچ یاسایەک ناتوانێت ڕێ لە فرەژنی بگرێت، چونکە بەپێی ئایین و شەرع ڕێک خراوە. لە ئێران دەیان ژن بەهۆی نەپۆشینی حیجابەوە یان ئەنجامدانی پەیوەندی سێکسییەوە بە بەرچاوی هەزاران

کەسەوە لەسەر شەقامە گشتییەکاندا لە سێدارە دەدرێن. لە دوایین ڕاپۆرتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، وتەبێژی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ: (ئەحمەد شەهید) ئەوەی خستە ڕوو لە ئێراندا لە ٨٥٪ ژنانی زیندانی و ٣٥٪ پیاوان ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی توند و لاقەکردن و ئەتککردن دەبنەوە، هەروەها هەڵمەتی دەستگیرکردنی ژنانی چالاک و هونەرمەند و نووسەر بەردەوامە. (نێرگز موحەمەدی) کە ژنە چالاکوانێکی ئێرانییە ساڵی 2007 لە زیندانی (ئیڤین)دا بەهۆی ئەشکەنجەی توندەوە تووشی فێ و هەڵاوسانی ماسوولکەکانی بووەوە و پاشان بە مەبەستی چارەسەکردن بە کەفالەت ئازاد کرا و دووبارە بەند کرایەوە و ڕێگریی ئەوەشی لێ کرا حەب و دەرمانەکانی بخوات. (شیرین عەبادی) ساڵی ٢٠٠٣ بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەهۆی داکۆکیکردنی لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و خەباتی چەندساڵە بۆ قەدەغەکردنی دەیان هەڵاواردن دژ بە تاکی ئێرانی و حکوومەت خەڵاتەکەی بە بێنرخ لە قەڵەم دا و سانسۆری کرد و ڕێگەی چوونەدەرەوە لە ئێرانی لێ گرت تا ساڵی ٢٠٠٩ لەو وڵاتە هەڵات. دوا کەسیش (ئەتینا فەرقەدانی)ی هونەرمەند و چالاکوان بوو بەهۆی

کاریکاتێرێکی سیاسییەوە ساڵی ٢٠١٢ زیندانی کرا (ویکیپیدیای عەرەبی). هەروەها هاوسەرگیریی خێرا و چێژ و مسیار هەمووی جەستە و دەروونی ژن باجەکەی دەدات، ئەوە جگە لە تێوەگلان لە کاری لەشفرۆشی و ئالوودەبوون بە مەی و مادەی هۆشبەر وەک ڕقێک بەرانبەر بە دەسەڵات، لە بەرانبەر هەموو ئەم توندوتیژییانەی ڕووبەڕووی ژنی ئێرانی دەکرێنەوە. ژنانی مەغریبی عەرەبی و توونس خاوەنی زۆرترین مافی یاسایی و کۆمەڵایەتین، (سەعید بۆرقیبە) سەرۆکی کۆچکردووی توونس، پاش تەنیا سێ مانگ لە گرتنەدەستی حوکم، لە ڕێی گۆڤارێکی تایبەت بە کۆشکەوە لە ساڵی ١٩٥٦ فرەژنی قەدەغە کرد و تەمەنی هاوسەرگیریی کوڕانی کرد بە بیست و کچانیشی کرد بە حەڤدە، کە هەردوو ڕەگەزەکە زووتر هاوسەرگیرییان پێ دەکرا. هەروەها توونس یەکەم وڵاتی عەرەبییە کە ساڵی ١٩٥٦ مافی دەنگدانی بە ژنان داوە، هەتا ئەمڕۆش کار بەو یاسایە دەکرێت. ساڵی ١٩٨١ یاسایەکی دەرکرد بە ناوی (النشور ١٠٨)، تێیدا سەرپۆشی قەدەغە کرد و هەمان ڕۆژ و ڕاستەوخۆ لە تیڤییەکانەوە سەرپۆشی سەری دەیان ژنی لابرد و دەیگوت: «خانمی بێ سەرپۆش

تەماشای جوانی ژیان بکە»(هەمان سەرچاوەی پێشوو). تا ئەمڕۆش ئەو یاسایانەی (بۆرقیبە) دایناون کاریان پێ دەکرێت و بووەتە بەشێک لە کولتوور و لەناو ژنانی عەرەبدا، ژنی توونسی بە ئازادی دەناسرێنەوە و تەنانەت زۆر جار گرنگی بە پەردەی کچێنی و چەند جار هاوسەرگیری و پەیوەندیی سێکسی نادەن. «مەسەلەکانی منداڵ لەباربردن لە ساڵی ۱۹۷۳ بە یاسا ڕێک خراوە و ڕێپێدراوە، هەروەها بەدەستهێنانی حەبی ڕێگری لە دووگیانی بە ئاسانی دەستی تەواوی ژنان دەکەوێت، ئەمانەش بەرهەمی سەد ساڵ خەباتی ژنانی فێمینیستە لە توونس»(تقرير حالة: المرأة في تونس، موقع الكرامة). بەڵام هێشتا پێگەی ژن لە سیاسەتدا وەک پێگەی کۆمەڵایەتی نییە، کە حکوومەتی نوێ تەنیا دوو ژنی تێدایە. لە ڕووی هونەریشەوە ژنان هێندەی پیاوان ئازادن و لە فیلمەکانیشیاندا ڕۆڵی ئیرۆتیکی بۆ ژنان زۆر ئاساییە. لە وڵاتی مەغریبیشدا لە دەستووری ساڵی ۲۰۱۱ی ئەو وڵاتەدا لە ماددەی ۱۹ جەخت کراوەتەوە لەسەر یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی، هەموو ئەمانەش بە

هەوڵی ڕێکخراوەکانی بواری ژنانەوە بووە، کە بەردەوامن لە فشارخستنەسەر دەسەڵات و قبووڵنەکردنی سادەترین پێشێلکاری. (حقوق المرأة فى الدستور المغربي، مكتسبات معطلة، موقع الحوار المتمدن).

## ٣-١: دۆخی سیاسیی ژن لە ڕۆژهەڵات

بواری سیاسی یەکێکە لە بوارە هەرە گرنگەکانی ژیانی ئەمڕۆ بۆ دروستکردنی باڵانس و هێز و گۆڕانکاری، بە تایبەتی تاکوو نوێنەری ژن و بەشداریی ژن زۆرتر بێت، دۆخی کۆمەڵایەتیی ژن و کۆمەڵ بەرەو باشتر دەچێت. بەڵام حکوومەتەکانی ڕۆژهەڵات هەمیشە بە چەکی جیا جیا ڕێگر بوونە لە بەردەم ژنان بۆ دوورخستنەوەیان لە بەشداریی سیاسی و مومارەسەکردنی ئەو مافەیان. چەکی ئایین بەهێزترین چەک بووە بۆ دوورخستنی ژن لە سیاسەت، یان بیرۆکەی وەها بخەنە مێشکی ژن و کۆمەڵ کە ژن بۆ سیاسەت دەست نادات. دەبێت کۆمەڵ و تەواوی چین و توێژەکانی، متمانە بە ژن بکەن کە بەشداریی سیاسیی ژن هیچی لە بەشداریی سیاسیی پیاو کەمتر نییە

لەوانەشە باشتریش بێت، چونکە ژن بەشدارە لە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و هیچ لۆژیکی نییە بە بیانووی ئایینی و تۆمەتی کەمعەقڵیی ژن بەراورد بە نێر و لاوازیی ژن لە سیاسەت یان هەر بوارێکی دی دوور بخرێنەوە، «هەر گۆڕانکارییەک لە جیهاندا دێتە ئاراوە، بەرهەمی فراوانبوونی بیری مرۆڤایەتیی خۆیەتی، واتە زنجیرەیەکی دانەبڕاو و بەداوایەکداهاتووی قۆناغە مێژووییەکانە و دەستبەرداربوون و پەراوێزخستنیان نامانگەیێنێتە دەرەنجامێکی تەواو»(ناسیر حسێن، فێمێنیستی ئەدەبی ژنانی کورد ل١٠). بۆیە دەبینین دۆخی سیاسەتی ڕۆژهەڵات هەمیشە ڕوو لە گرژییە و دۆخی ژنان واوەتر، چونکە هەمیشە ڕێگەکانی بەردەم ژن وەک دیواری پۆڵایین بەردەوام بەرز و پتەوتر دەبن و کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکان و حیزبەکانیان ناهێڵن ژنان مومارەسەی مافی بەشداریی سیاسی بکەن، بەڵام نابێت بیرمان بچێت، کە «تەنیا گرنگ نییە ژن لە سیاسەتدا هەبێت وەک ئەوەی دەبێت بە توانای خۆی بەشداری بکات، بەڵکوو گرنگی لە چۆنیەتیی توانای ژن ڕۆڵ دەبینێت وەک چۆنیەتیی کارکردن و بەجێهێنانی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی متمانە لەناو کایەی سیاسی و لە

پێگەی حیزبی و حکوومی و پەرلەمانیدا»(ژن لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و پێگەی سیاسیدا، رەسوڵ بۆسکانی، سایتی دەنگەکان).
دەبێت ژن لە دەرەوەی حیزب خۆی دروست بکات و لەپێناو مافی خۆی و مافەکانی تەواوی ژنان و بەشدارییەکی ڕاستەقینەدا تێبکۆشێت نەک بەدیهێنانی ئامانجی حیزبە بەناو مەدەنییەکان، هەروەها گرنگترین شت ئەوەیە ژنان ئەو قۆناغە تێپەڕێنن کە تەنیا ئەندامی حیزبی و ئەندامی پەرلەمان بن؛ دەبێت بگەنە تەواوی لقوپۆپەکانی سیاسەت و دەستبەرداری ئەو مافە نەبن کە ببنە سەرۆک و ڕابەر و وەزیر. هەرچەندە وەزیری ژن هەن بەڵام ژمارەیان لەوە کەمترە مایەی قسەلەسەرکردن بن، دەبێت دەستبەرداری ئەوە بن پاش تێکەڵبوون بە سیاسەت و گرتنەدەستی لقێکی سیاسەت تەنیا هەوڵی بەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان بدەن، دەبێت بەر لە هەموو شت بەرپێی خۆیان لە بواری سیاسەتدا قایم بکەن و متمانەی خەڵک و کۆمەڵ بە دەست بهێننەوە و خاوەنی بۆچوونی سەربەخۆی خۆیان بن نەک بۆچوونی حیزبەکانیان و وەک بووکەڵە بە دەستی حیزبەکانیانەوە و بە ئاراستەی ویستی ئەوان بجووڵێنەوە و مایەپووچ ببن، نەک کۆمەڵ تەنانەت خودی خۆشیان

قەناعەتیان بەو شوێنە نەبێت کە پێیان دراوە. ژن دەبێت تەنیا بە هەوڵی زەمینەسازیی ئەوانی تر بۆی فریو نەخوات و «دەبێت ژنان لەوە تێبگەن هەرچەند هەوڵ بدرێت و زەمینەسازی بۆ بەشداریی سیاسیی ژن بکرێت، ئەوە گرنگ نییە ژنان چەند دەچنە ناو کایەی سیاسییەوە، بەڵکوو دەبێت هەوڵی سەرەکییان لەپێناو بەدیهێنانی ئەدایەکی سیاسیی سەرکەوتوو و بەتوانا بێت، بۆ بەدیهێنانی سیاسەتێکی گونجاو کە ببێتە جێگەی متمانەی تەواوی کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی»(هەمان سەرچاوەی پێشوو). گرنگترین شت لە بەشداریکردنی ژنان لە بواری سیاسەتدا دەبێت لە ڕووی چۆنیەتییەوە بێت نەک چەندێتی، واتە هەڵبژاردنی ژنانی لێهاتوو و سیاسی و شیاو و خاوەن ئایدیای بوێرانە نەک کاندیدکردنی ژنانی نزیک لە حیزب و کەسوکاری بەرپرس و ڕابەرەکان، یان لەسەر بنەمای خزمایەتی. تا ئەمڕۆ پرسی ژن بە تایبەتی لە بواری سیاسەتدا وەک مەسەلەیەکی گرنگ وەرنەگیراوە و تەنیا وەک پرسێکی سادەی کۆمەڵایەتی تەماشا کراوە. سەرکردەی حیزبەکان و حکوومەت و هەموو لایەنەکانی دەسەڵات، کە خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها و بڕیاری یەکەم و کۆتان، وەک

مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی باسی گرنگترین پرسەکانی ژن دەکەن و ئەوان بە دروشم و لە بۆنەکاندا داوا دەکەن کە مافەکانی ژن بچەسپێت؛ ئەمە دووفاقییەکی زۆر زەقە، گەر ئەوان خەمخۆری پرسی ژنن وەک پرسی تەواوی کۆمەڵ، بۆچی جێبەجێی ناکەن؟ هیچ کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت ئەوا حکوومەت و حیزبەکانی ئێمە کە دووبارە حکوومەتن لە سەرووی هەموو یاسایەکەوەن؟ ئەوان لە هەڵبژاردنە گشتی و تایبەتییەکانیاندا هەمیشە دروشمی بەشداریی ژن لە سیاسەت بەکار دەهێنن کەچی ڕێژەی بەشداریی ژن لە حیزبەکاندا هێند کەمە کە وەختە بڵێین لە سەدا سفرە. کەوایە قسە و بانگەشەکانیان تەنیا بەرژەوەندی و پڕوپاگەندەیەکی سوودبەخش و بەبەرهەمە بۆ خۆیان، دواجار بۆ خۆنمایشکردن دێن چەند ژنێکی کەم کاندید دەکەن کە خاوەنی لێهاتوویی نین و ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستکردنی نموونەی ژنی سیاسیی بێبەهرە و نەبوونی لێهاتوویی و نەبوونی دەسەڵاتێک بۆ فراوانکردنی بەشداریی ژن لە ڕێی ئەم کاندیدە ژنانەوە و بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی نوێ بۆ زۆرکردنی بەشداریی ژن.

## تەوەری دووەم: ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا

مەسەلەی کێشەکانی ژنان و پێگەی ژن، مەسەلەیەکی جیهانییە. لە هەر شوێنێکی گێتیدا ژن هەبێت، نایەکسانی و توندوتیژی هەیە بەڵام بە فۆڕم و ڕێژەی جیاواز. لە هەندێ وڵاتدا، بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، مەسەلەی کێشەکانی ژن زۆر هەڵکشاوە و ڕۆژانەش لە سایەی سیاسەت و دەسەڵاتە پیاوسالارییەکەوە ڕوو لە خراپتر بوونە، چونکە لە ڕۆژهەڵات گەر «هەر کاتێک بتەوێت دەستبەرداری ژنێتیی خۆت نەبیت، بەردەوام تاکێکی زیندووی کۆمەڵ بیت، هەمیشە دەنگ و ڕەنگت هەبێت، ئیدی دەرکەوتنی ژن چ لە بواری سیاسی و چ لە بوارەکانی دی بێت، ئەوا بێگومان لە کۆمەڵێکی داخراودا و وابەستەی کولتوور و نەریتێکی دواکەوتوو، بەهای ژن لە شەرەف و جەستەدا دەبینرێت و ڕووبەڕووی دەیان کێشە دەبێتەوە».(ئاشتی عەبدوڵڵا، گۆڤاری ژن، ژ١٠، ٢٠١٥) لە ڕۆژئاوادا ڕێژەکە نزمترە، لەمڕۆدا هەرچەندە بە مێژوویەکی دوورودرێژی نایەکسانی و نائینسانی تێپەڕیون، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێین نییە، یان

ژنانی رۆژئاوا باشتر دەژین، «چونکە کێشەی ژنان تەنها پەیوەست نییە بە وڵات و کۆمەڵ و سنوورێکی دیاریکراوەوە، ئەمڕۆ مەسەلەی ژنان لە سەرتاسەری دونیادا یەک مەسەلەی ئەسڵی کۆمەڵی بەشەرییە، کە هەموو کۆمەڵی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی گرتووەتەوە؛ هەر لەمسەری ڕۆژهەڵات تا ئەوسەری ڕۆژئاوا».(ناسک محەمەد، ٢٠١١، ٢٦). کێشەکەش لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی پیاوسالاری و نەمانی سەردەمی ژنسالاری دروست بووە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بۆ قسەکردن لەسەر پێگەی ژن لە ڕۆژئاوادا دەبێت بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، چونکە ڕابردوو هەرچەند کۆن بێت و بەسەر بچێت هێشتاش کاریگەریی خۆی لەسەر ڕۆژگاری نوێ دادەنێت و ڕەگی دوور دەڕوات، ژنی ڕۆژئاواش بە درێژاییی سەدەکان لەگەڵ ستەم و نایەکسانی ڕووبەڕوو بووەتەوە و قوربانیی زۆریان داوە، بەڵام جیاوازیی ژنانی ڕۆژئاوا بەراورد بە کۆمەڵ و بەشەکانی دیکەی جیهان ئەوەیە کە ئەوان بێدەنگ نەبوون و هاتوونەتە دەنگ و بە دەیان ڕێ بەشێکی زۆر لە مافەکانی خۆیان بە دەست هێناوە و بە گیانی خۆیان قوربانییان داوە و خەباتیان کردووە و تۆڵەی دەیان

سەدەی پەرستەمیان کردووەتەوە و ئەمڕۆ لە هەموو شوێنەکاندا ژنان هەن و یاسا و ڕێسا و دەستووری کۆمەڵە پێشکەوتووەکانیش پشتیان دەگرێت و هەموو هەڵاواردنێک بەرانبەر بە ژنان بە فەرمی سزای لەسەرە.

### ١-٢: ژن لە شارستانییەتە کۆنەکاندا

شارستانییەتە کۆنەکانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی هەردوو شارستانییەتی گریک و ڕۆمان، لانکەی مرۆڤایەتین و بەشێکی زۆری دەستوور و ئەدەب و کولتووری وڵاتانی ڕۆژئاوا و تەنانەت هەندێک لە کولتوور و سەرچاوە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. وتەیەکی بەناوبانگ هەیە، کە دەڵێت: «هەموو ڕێیەک دەچێتە سەر ڕۆما»، بۆیە دەبێت بۆ قسەکردن لەسەر تێڕوانینی ژن لە ڕۆژئاوادا بچینەوە سەر ئەو دوو شارستانییەتە و هاوکات پشتبەستنی هەردوو شارستانییەت بە دوو تای تەرازوو کە بە لایانەوە بنچینەی یاسا و دەسەڵات بوونە؛ کە ئایین (ئایینی مەسیحی) و فەلسەفە بوون. «فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژئاوا سەرەڕای

ئایین، بەشێکی زۆری لەسەر فەلسەفە بنیات نراوە، هەر لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە تاکوو سەرەتاکانی ئەم سەدەیە شوێن و پێگەی فەلسەفە -بەدەر لە سەدەکانی ناوەڕاست- و تاکەسەرچاوەی ڕۆشنبیریی دنیایی بووە».(سەنگەر نازم، ٢٠١٣، ٢١)، بۆیە سەرەتاکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان پاش سەردەمی پیاوسالاری، ڕاستەوخۆ ئایینی مەسیحییەت بووە، چونکە ئایینی مەسیحی وەک تەواوی ئایینەکانی دی هەرچەند بە ڕووکەش داوای یەکسانی ژن و پیاو دەکات و سەبارەت بە فەلسەفەی (ئەفراندنی نێر و مێ) جەخت لەسەر یەکسانی دەکاتەوە، بەڵام زۆرترین توندوتیژی و نایەکسانی لەخۆ دەگرێت دەرهەق بە ژنان. پاشان ئەو دەسەڵاتە زۆرەی مەسیحییەت هەیبوو گوازرایەوە بۆ کڵێسا و دێر و دەستی قەشەکانەوە کە ئەوانیش دەستبڵاو بوون لە ستەمکردن دەرهەق بە ژنان تا چەندین سەدە و هۆکاری دواخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکیش بوون. لە ڕۆژئاوا و لە چاخە سەرەتاییەکاندا کەنیسە دەسەڵاتی یەکەم و ڕەهای هەبوو، بۆیە پیاوانی ئایینی بەردەوام جەختیان لەسەر بەرزیی پیاوان و نزمی و گەمژەییی ژنان کردووەتەوە و ئەم

بیرکردنەوەیەش نەوە بە نەوە بەناو دەماری سەدەکاندا تێپەڕ بووە. ئایینی مەسیحی کە «ئایینێکی تێکەڵە لە فیکری عیبری و فیکری یۆنانی و چەند شتێکیش لە کاریگەرییەکانی تر، ئەم ئایینە؛ واتە مەسیحیەت، ڕەگوڕیشەی قووڵی هەیە بە تایبەت لە مەزهەبی سروشتی عیبریدا، کەسیش بە دروستکراوی خودا دەزانێت، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر منداڵبوون لە ڕێگەی ئەندامی زاوزێی بەدەسەڵاتی پیاوسالاریدا). (سەعید بەشیر، ٢٠٠٨، ٣٠٩) بۆیە ئاساییە هەم ئایین لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئەو چاخانەدا بنیات نرابێت، هەم فەلسەفەکانی ئەو سەردەمانەش پشتئەستوور بن بە ئایین. لە یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا، لە سەرووی هەموویانەوە مەسەلەکانی بوونی ژن و ئازادی و یەکسانی و هەردوو کۆمەڵگەی یۆنانی و ڕۆمانی ڕۆڵیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی ئەم ئایینە و تا ئەمڕۆش زیانەکانی ماون و ژنان قوربانیی یەکەمی ئەم بیرانەن، «مەبەست لە فەلسەفەی مەسیحییەت ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە ئایین باڵادەستیی خۆی بەسەر تەواوی کلتووری ڕۆژئاوادا لە چواردە سەدەدا سەپاندبوو. لەو ساتەوە فەلسەفەی ئەورووپی کەم تا زۆر هەوڵی داوە خۆی

لەگەڵ ئاییندا یەک بخات و بە عەقڵێکی ئایینییەوە بڕوانێتە دیمەنەکانی ژیان» (سەنگەر نازم، ٢٠١٣، ٢٩).

فەلسەفە نەیتوانی جێ بە ئایین لەق بکات سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی فەیلەسووفەکان، چونکە ئەو سنوورەی ئایین کێشابووی هەرچەندە زۆربەی سنوورەکانی نالۆژیکی بوون، بەڵام چونکە ڕۆحانی بوون و خەڵکیش هەمیشە بەرانبەر بە ڕۆح کۆیلە و لاوازن، وای کرد فەلسەفە بە تەواوی ژێر بکەوێت و سەردەمی بیرکردنەوەی تاریک زاڵ بێت، بۆیە دۆخی ژنان لەنێوان کاهینەکان و داوێنپیسییان و وتارە توندەکانیان و بەندکردنی ژن لە ماڵ و زاڵترکردنی پیاوان، هێندەی تر خراپتر بوو. قەشە ئۆگەستین (٣٥٤-٤٣٠ ز)، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە «فەلسەفە بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئایین نەک بە پێچەوانەوە، لەبارەی مرۆڤیشەوە ئۆگەستین تا ڕادەیەک هەوڵی داوە هاوسەنگی لە هەندێ لایەندا لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا ڕابگرێت، هەرچەندە وەک ئەوانی تر لە گوێڕایەڵیدا باوەڕی بە ملکەچکردنی مێیینە بۆ نێرینە هەبووە»(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

## ٢-٢: ژن لای ڕۆمانییەکان

ئەوانەی تۆوی نەمری و باڵاییان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە جیهاندا چاند ڕۆما و ڕۆمانییەکان بوون، بەڵام وەک دەبینین یاسا و ڕێساکان بەلای ستەم و بێبەشکردن و هەڵاواردنی ژناندا دەشکایەوە، پیاو خاوەنی خێزان و کۆمەڵگەش بوو، خاوەنداریێتیی تەواوی هەبوو بەرانبەر بە ژن و منداڵەکانی. یاسای ڕۆمانی مافی مامەڵەکردنی بە پیاوان بەخشی بوو کە چۆنیان خواست وا لە ژنەکانیان بکەن، ئەمەش بووە دەستکراوەییی پیاوان لە توندوتیژی، تەنانەت پیاو بۆی هەبوو ژنەکەشی بکوژێت لە هەندێ دۆخدا»(مريم نورالدين، المرأة في ضل الاسلام، ص٢٥). لانکەی شارستانییەتە مەزنەکان گۆڕستانی ژنەکانی خۆیان بوون، بە ئەندازەیەک، کە ئەوپەڕی بێڕێزییان بەرانبەر بە خوشک و کچ و ژنەکانی خۆیان دەکرد، هۆکاری سەرەکیی ئەمانەش بۆ ئەو یاسایانە دەگەڕێتەوە کە ژنیان وەک مەخلووقێکی ناتەواو و پیاویان بە سەرداری ژن دەزانی و پیاویان دەستواڵا دەکرد بەرانبەر هەموو جۆرە ڕەفتارێکی نەشیاو بەرانبەر بە مێیینەکانی خێزانەکەی. «ژن هەمیشە

موڵکی باوک و مێردەکەی بووە لە ژیان و مردنیشی، لە ڕەبەنیدا، باوک مێردی بۆی هەڵدەبژارد و پاشان دەبووە موڵکی مێردەکەی، جایووس دەڵێت: «یاساکانمان پەیوەستە بە ژنانی گەورە کە دەبێت لە ژێر ڕکێف و چاودێریدا بن بەهۆی سووکیی عەقڵیانەوە»(ویکیبیدیا العربي، نظرة المجتمعات للمرأة). لە ڕۆمانیای پێشکەوتوودا ژنان تەنیا وەک جەستە دەبینران و پیاوەکان بۆ دامرکاندنەوەی حەزی خۆیان بە کاریان دەهێنان، تەنانەت کاتێک لە بازاڕەکانیشدا ژنانیان دەکڕی، بۆ سێکس و کاروباری ماڵ بوو، «کاتێک ژنان بینییان ئەوان تەنیا وەک جەستە دەبینرێن، کەوتنە کاری نەشیاو و نمایشکردنی جەستەیان و سێکسفرۆشی، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی سەردەمێکی خراپەکارانە».(مریم نورالدین، ص٢٦). هاوکات ژنان و پیاوان لە یەک شوێنی گشتی خۆیان دەشووشت و تەواوی بیر و هزریان سێکس و ڕووتبوونەوە داگیری کردبوون، بەرهەمی ئەم کارەشیان ئەدەبێکی ئیرۆتیکی بوو، بەڵام «ئەم ئەدەبە بە پێچەوانەی کرداری سێکسیی خەڵکەوە زۆر پەسەند بوو، هەر دەقێک باسی ماچ و باوەش و سێکس و خۆشەویستیی کردبا بە ئەدەبی باڵا دەبینرا»(هەمان سەرچاوەی پێشوو). بەڵام ئەم

دۆخە زۆر درێژەی نەکێشا و شەڕوشۆڕ و توندوتیژی و هەوەسبازی و گەڕان بە دوایماڵی سۆزانییەکان و کۆڕی مەیخواردنەوە و ژنکوژی نەمان، کاتێک ڕۆما هەنگاوێک پێش کەوت لەپێناو شارستانییەتەکەیدا پەیڕەوی لە ئاشتی کرد؛ کوشتن و توندوتیژی نەمان و هێواش هێواش لە یەکسانی نزیک بووەوە»(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص26،25). ئەمەش پاش ئەوەی ژنی ڕۆمانی زۆرترین زەبری بەرکەوت، تەنانەت «وتەیەکی بەناوبانگی ڕۆمانییەکان هەیە کە لە باوەڕنەکردنەوە نزیکترە تا باوەڕکردن، کە وتوویانە: "ژن بێ گیانە" تەنانەت زۆر جار ڕۆنی قرچاویان بەسەردا کردووە و ژنیان بە ئەسپەوە بەستووە و ڕایانکێشاوە تا مردووە»(عبدالرحمن الطوخي، مكانة المراة فى بعض الحضارات القديمة والاديان الاخرى، موقع الالوكة).

## ٣-٢: ژن لای یۆنانییەکان

«سەرەڕای ئەو بزاڤە فکرییە بەهێزەی کە لە وڵاتی یۆنان بنیات نرا و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێشخستنی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ژن لە خراپترین باردا بوو، تەنانەت لای گەورە پیاوانی فەلسەفەش»(علي سعيد، وضع المرأة في الفسلسفة اليونانية، موقع واينتى). بەتایبەتی لە سەردەمی گەورەپیاوانی فەلسەفە؛ هاوشێوەی سوکڕات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کە بە ئاشکرا و لە نووسراوەکانیاندا دژایەتیی ژنیان کردووە و زۆر جاریش گومانیان هەبووە کە ژن مرۆڤ بێت یانیش ژێر بێت، «ژن لەسەردەمی یۆنانییەکاندا داماڵراو بوو لە هەموو ئازادییەک بەتایبەتی لە مافە شەرعییەکانیدا و لە ماڵی گەورە و کۆشکەکاندا بەند بوو، تەنیا وەک هاوسەر و دایک و کابان دادەنرا و لە کۆبوونەوە و کۆڕی فەیلەسوفاندا نەدەبینرا».(علاو محمد اسماعيل، مكانة المرأة فى بلاد اليونان، موقع همس الجواري). ئەو ژنانەش کە لە کۆبونەوەکاندا دەردەکەوتن و قسەوباس و خواسی ئەدەبییان لە تەک پیاواندا ئەنجام دەدا، ژنانی ڕۆشنبیر ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەڵام «بە ڕووی ئەو

سیستەم و جۆرە ژیانە چوونەتەوە، نموونەی (جۆرجی)ی لە سپارتا، هاوکات خەڵکی ئەسینا ژنیان بە سەرچاوەی خراپەکاری دەزانی». (worldhisrory.org). بێگومان ئەمەش پشتئەستوور بە فەلسەفەی وەردەرنانی مرۆڤ لە بەهەشت، «هەرکاتێکیش تووشی کێشە و بەڵایەک ببوونایە ئەوا کچێکیان سەر دەبڕی وەک قوربانی بۆ لابردنی ئەو بەڵایە»(هەمان سەرچاوەی پێشوو). ئەمەش بە نیشانەی ئەوەی ژنان کەمبایەخترینن و بۆ سەربڕین شیاون و تەنانەت «ژنیان بە دەستکردی شەیتان زانیوە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی هیچ مافێک نەبووە، هاوکات لە مافی میرات و مامەڵەکردن بە پارە و سامانەوە بێبەش کراوە، هاوکات لە بازاڕەکاندا کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە»(عبدالرحمن الطوخي، مكانة المراة فی بعض الحضارات القديمة، موقع الالوكة). بەڵام دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و یاسایی ژن لە تەواوی شارەکاندا بە هەمان شێوە نەبوو، لە سپارتا ژنان خاوەنی هەندێ ماف بوون، لەوانە: «مافی میرات و خاوەنداری و پێوەندی و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەم مافانەش بەشێک نەبوون لە یاسا و دەستنووسە یاساییەکانی سپارتا، بەڵکوو بەهۆی دۆخی شارەکەوە بوو

کە شەڕی تێدا بوو. پیاوەکان سەرقاڵی شەڕ بوون و ژنەکان کاروباریان دەگرتە دەست بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵ، ئەم هەنگاوەش وای کرد ژنان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دۆخی ژنان بەراورد بە ئەسینا و شارەکانی دیکەی یۆنان باشتر دەربکەوێت»(ادم عربي، المراة عند الاغريق، الحوار المتمدن، ٢٠٠٩). دۆخی ژن لەو شارستانییەتانەدا هێند خراپ بووە، سادەترین چوونەدەرەوەی ژن بە ئازادی بینراوە، هاوکات لە زۆر شار ژنان لە مافی خوێندن و رۆشنبیری بێبەش بوون، بۆیە دۆخی کۆمەڵایەتییان خراپتر دەبوو. کچان دەبوو بەردەوام لە ماڵەوە کاری ماڵ بکەن، بەڵام «کوڕەکان دەچوونە قوتابخانەکانی ئەسینا و فێری خوێندن و نووسین دەبوون و شیعرەکانی هۆمیرۆسیان ئەزبەر دەکرد و لەسەر ئامێری قیسارە (هارپ) مەشقیان دەکرد بۆ فێربوونی موسیقا، کچەکان تەنانەت بۆیان نەبوو لە کاتی بوونی میوانی نامۆ، لەسەر مێزی نانخواردنیش دابنیشن»(مريم نور الدين، المراة فی ضل الاسلام، ص٢٥). لە میتۆلۆژیای یۆناندا ژنێکیان هەبوو کە زیاتر بەرهەمی خەیاڵ بوو، ئەم ژنە «ناوی (پاندۆرا) بوو، دروستکراوی

زیۆس بوو، بە سەرچاوەی هەموو ئازار و کارەساتەکانی مرۆڤایەتی ناسرابوو. پاندۆرا بە ڕادەیەک کاری لەسەر بیرکردنەوە و هزری یۆنانییەکان کردبوو کە بڵێن: ژن هیچ نییە جگە لە دروستکراوێکی نزم و جڵەوی هەموو شتێک با بدرێتە پیاوان و ئەوپەڕی بێڕێزی و توندوتیژیی بەرانبەر بە ژن بکەن». (worldhistory.org). سەرەڕای ئەوەی یۆنان خاکی داهێنان و فەلسەفە و فکر بووە، بەڵام لە یاساکانیدا توندوتیژی و بێڕێزی بەرانبەر بە ژن هەبووە، ئەم یاسایانەش ڕاستەوخۆ کاری پێ کراوە. لە شەریعەی سۆڵۆن، کە لە ناودارترین شەریعەتەکانی یۆنان بوو، هاتووە: (هەر کارێک کە مرۆڤ لەژێر کاریگەریی ژندا بیکات، ئەو کارە بەتاڵ و نایاساییە)(محمد فكري الدراوي، المرأة على مر العصور، ملتقى اهل الحديث). لەگەڵ ئەوەشدا (سافۆ)ی شاعیر ناودارترین و کۆنترین شاعیری یۆنان و مێژووە، هاوکات شیعری ئیرۆتیکییشی نووسیوە و کۆنترین بەڵگەی بوونی شیعری ئیرۆتیکی، شیعرەکانی سافۆن. یۆنانی کۆن ژنی فەیلەسووفیشی هەبووە، نموونەی (ئاریێتی سایرین) کە لە سەدەی (٥-٤ پ.ز) ژیاوە. یاساکانی یۆنان هەمیشە لە دژی بەرژەوەندیی ژنان بوون جا چ ژنانی

خاوەندار و چ ژنانی بێکەس، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوە بوو ژنانی خاوەندار موڵکی مێرد و باوکی خۆیان بوون، بەڵام ژنانی بێکەس زۆر جار وەک سۆزانی دەخرانە بازاڕەوەکانەوە، (سۆربۆن یەکێک بوو لەوانەی بە یاسا هەندێ لەشفرۆشخانەی ساز کرد و کچانی بێکەسی وەک سۆزانی تێدا دانان و چوونەژوورەوە بۆ ناو ئەو ماڵانە بە یەک ئۆبلە بوو. سۆربۆن ئەمەی کرد بۆ ئەوەی دەوڵەت سوود لەو پارانە وەربگرێت».(هەمان سەرچاوەی پێشوو). ئەمەش زۆر جار بە ئەوپەڕی توندوتیژی و ئێش و ئازار کۆتایی دەهات، چونکە هەندێ جار پیاوەکان پارەیان دەدا و بۆ هەفتەیەک ئەو کچانەیان دەبرد و زۆر جاریش دوو پیاو لە یەک کاتدا سێکسیان لەگەڵ ئەو کچانە دەکرد و ئازاریان دەدان و کچەکانیش بۆیان نەبوو ناڕەزایی دەرببڕن چونکە ئەمە کاری دەوڵەت بوو. «گەورە مێژوونووس سۆربۆن سەبارەت بە یاسای کردنەوەی ماڵی سۆزانییەکان وتوویەتی کە یەکێکە لە پڕۆژە نیشتمانییە ئابوورییە باشەکان، چونکە خەڵکی بیانی ڕادەکێشت و پارەکانیان دەخەنە ناو ئەو ماڵانەوە و دەبێتە پارەی وڵات و بەمەش ئابووریی وڵات گەشە دەسەنێت»(هەمان

سەرچاوەی پێشوو). یەکێک لە ناودارترین سۆزانییەکانی یۆنانیش (ئەرکیانساب) بوو کە سێکسی لەگەڵ ئەفلاتوون دەکرد، هەروەها ژنانی خزمەتکار ژوورەکانیان زۆر جیاواز بوو؛ لە بەشێکی پەراوێزخراو و هەمیشە دەرگاداخراویماڵەکاندا بوو، ئەمەش بۆ پاراستنیان لە پەیوەندی و ترسیان لە بوونی منداڵ کە ئەوکات توانای کارکردنی ژنە خزمەتکارەکە کەم دەبوو، هەروەها دەبوو خاوەنماڵ نانی ئەو کۆرپەیەش دابین بکات. لە یۆنان ژنان دەبوو نەچنە دەرەوە مەگەر بیانوویەکی بەهێزیان هەبێت وەک سەردانیکردنی خزم، چوونە لای پزیشک یانیش بۆ پرسە و سەرەخۆشی. دەبوایە لە کاتی دەرچووم سەرپۆش و ڕووپۆش بەکار بهێنن و قسە لەگەڵ هیچ کەس نەکەن، (دیکایر)یش لە وەسفی حیجابی ژنانی (تیبە)، کە یەکێکە لە شارە یۆنانییەکان، دەڵێت: «ژنەکان کراسەکانیان تا سەر ڕوخساریان دەهێنا، وەک ماسک و ڕووپۆشێک دەر دەکەوتن، کە هەرگیز روخساریان نەدەبینرا»(د. محمد فؤاد البرازي، الحجاب عند اليونان، منتدى قبيلة السهول). بەڵام ئەم سەرپۆشە تەنها بۆ ژنانی ئازاد بوو، هەرچی ژنانی کۆیلە و سۆزانییەکانە، ڕێیان پێ نەدەدرا کە ڕوخساریان

دابپۆشن، بۆ ئەوەی خۆیان بە ژنی خانەدان نەزانن و جیا بکرێنەوە، هاوکات بەردەوام پیاوان بورووژێنن. (ویڵ دیورانت) لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە یۆنان سەرسامی و تاسانی خۆی نیشان داوە، کە «هەموو پێشکەوتنە سەرنجڕاکێشەکانی یۆنان ژن لێی بەدەرە و دەستی تێدا نەبووە، چونکە ژنان لە ماڵەکاندا زیندانی دەکران بە تایبەتی ژنانی شوودار»(المراة فی کتابات فلاسفة الیونان). ئەم وتەیەشی بۆیە نووسیوە لە هەمبەر وەڵامی ئەو کەسانەی کە دەیانگوت لەنێوان پێشکەوتنی شارستانییەتەکان و پێگەی ژندا پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ژنانی یۆنانی سەرەڕای زیندانیکردن و ڕێگری لێ کردنیان هیچیان نەکردووە، چونکە مرۆ هەمیشە دەتوانێت شتێک بکات. ژنانی یۆنان لە ماڵەکانیاندا، کە زیاتر بە حەرەمسەرا دەچوو «جلوبەرگی خۆیان و منداڵەکانیان و هاوسەرەکانیان دەچنی و دەدووری، جگە لەوەش پەروەردەی منداڵ لە ئەستۆی ژنان بوو لەگەڵ تەواوی کارەکانی تری ماڵ، ئەمەش وای کردبوو پیاوان کاتێکی زۆریان هەبێت بۆ کار و نووسین و خۆڕۆشنبیرکردن»(ا. د. امام عبد الفتاح امام، افلاطون والمراة، ص20). هەندێک پێیان

وایە خراپیی دۆخی ژن لە یۆنان بەهۆی دابونەریتەوە بووە، کە پیاوانی ناچار کردووە ژنەکانیان لەماڵەوە زیندانی بکەن و دەرگەکانیان کلۆم بدەن. (زەینەفۆن) وتوویەتی لە پشتی دەرگاکانتان نوێڵ (ئەو پارچەتەختەیەی دەخرێتە پشتی دەرگە تاکو توند بیگرێت) دابنێن. (ئەرستۆڤانیس) دەڵێ کە زۆر جاریش سەگی پاسەوانی لە بەردەرگەکان ڕادەگیران بۆ ترساندنی ئەو پیاوانەی سەردانیان دەکەن. بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە نەریت و ڕەوشت شتێکی کۆمەڵایەتییە و ئەگەری گۆڕانکاریی زۆرە، هەرچی فەیلەسووفەکانیانە هاوشێوەی (سوکڕات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ)، دەڵێن کە ئەو یاسایانە یاسای سروشتن نەک دەستکردی مرۆڤ. «یۆنانییەکان زۆر ئارەزووی ئاهەنگ و بەزم و گۆرانییان دەکرد و ئەو وێنە و نەخش و نیگارانەی تا ئەمڕۆ ماونەتەوە گەواهیی ئەوە دەدەن، بەڵام ئاهەنگەکانیان زۆر جیاواز بوو لە ئاهەنگی خۆشگوزەرانیی شارستانییەتەکانی دیکەی هاوشێوەی فیرعەونییەکان، چونکە نەدەبوایە لە ئاهەنگی یۆنانییەکاندا پیاوان ژنی هاوڕێکانیان ببینن، گەر ژنێک لەو ئاهەنگانەدا بینرا ئەوا حەتمەن ژنێکی هونەرمەندی دەستڕەنگین بووە، کە دیسان

پیاوان ڕێگر بوون لە گەیاندنی هونەری ئەو ژنانە بە دەستمان. ئەوان تەنیا کردەی لەشفرۆشییان نەدەزانی، بەڵکوو سەما و کۆڕگەرمکردن و گۆرانی و نوکتەگێڕانەوەشیان هەبوو، بەڵام هەرگیز وەک ژنی ڕێزدار نەدەبینران، چونکە بەردەوام بێبەرگ بوون و مامەڵەشیان پێوە دەکرا».(صلاح حمودة، المرأة في اليونان القديمة، موقع المصطبة).

## ٤-٢: خەباتی ژن لە ڕۆژئاوا

فێمینیزم و شۆڕشەکانی ژنان و مانگرتنی ژنان و هەشتی مارس و چالاکییەکانی فێمین، هەموویان بەرهەمی ژنانی ڕۆژئاوان، کە پاش شۆڕشی پیشەسازی و زۆربوونی هەلی کار لە بەردەم ژناندا، توانییان بێنە دەرەوە و کار بکەن و پاشان بەرانبەر بە زۆریی کاتی کارکردن و کەمیی حەقدەستەکانیان ڕاپەڕین و دواتر بەرانبەر بە هەموو هەڵاواردن و نایەکسانییەکان ڕاپەڕین. ئاسان نییە بتوانین دەستپێکی خەباتی ژنان دەستنیشان بکەین «چونکە دەستنیشانکردنی بزووتنەوەی خەباتی ژنان و

هەوڵ و خەباتیان بۆ کات و سەردەمێکی دیاریکراو تا ڕادەیەک کارێکی سەختە»(ئەڤین ئاسۆس، ٢٠١٣، ١٧)، چونکە زۆر جار هەوڵ و خەباتی ژنان بە تاکوتەرا بووە و سەرچاوەکەی بیرکردنەوەیەکی تاکلایەنانە بووە نەک گرووپ و کۆمەڵە و بارودۆخێکی تایبەت دروستیان کردبێ، کە ژنان بەگشتی فێمینیست نین و ئەگەر ژمارەیەک لەوان بۆ سەرهەڵدان دەنگ هەڵبڕن لەلایەن ژنانی ترەوە دەنگەکەیان نابیسرێت»(لماذا انا نسوية، سيمون دو بوفوار، موقع الدحنون، ٢٠١٥). ئەمەش وای کرد کە هەم مێژووی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە دیار نەبێت و هەم درەنگیش سەر هەڵبدات، کە ژنان هەوڵەکانیان تاکوتەرا و دەنگیان دوور بوو لە یەکترەوە کە بتوانن یەکڕیز بن و چالاکییەکانیان ڕێکخراو و بە گرووپ بێت و شێوەی ڕاپەڕین لەخۆ بگرێت. بۆ نموونە لێرە و لەوێ و لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناوی چەند ژنێک هەن کە خەباتیان دژی بیری پیاوسالاری و نایەکسانی کردووە، لەوانە (سوور خوانا)ی نووسەر و ڕاهیبە.

لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧ی زایینی (سوور خوانا ١٦٥١ – ١٦٩٥) لە خانەدانێکی ئیسپانی نیشتەجێی مەکسیک، لە تەمەنی شانزە ساڵان و لە دوای خوێندنەوەی هەموو بەرهەمە کلاسیکییەکانی ئەوروپا بە زمانی لاتینی، داوای لە دایکی کرد بە جلی کوڕانە بینێرێتە بەر خوێندن تا بڕواتە زانکۆ. بەڵام بنەماڵەی ئەم کچە مەکسیکییە، لە جیاتی ناردنی بۆ خوێندن، ئامادەکارییان بۆ بەشوودانی بە کابرایەکی بەتەمەنی خانەدان کرد. سوور خوانا بۆ ئەوەی ملی نەکات بە پەتی ئەم زەواجەوە، ڕێگەی هەڵهاتن لە ماڵی بۆ خۆی هەڵبژارد و ڕووی کردە خەڵوەتگەی کەنیسە و بۆ هەتاهەتایە بوو بە ڕاهیبە و پشتی لە خۆشیی جەستەیی دونیا کرد و شیعرەکانی بۆ خەڵکانی خاوەن پێگە لە بواری فەرهەنگ و ئاییندا دەخوێنرانەوە. سوور خوانا لە سەدەیەک کە دەرفەتی خوێندن و بیروڕا دەربڕین بە ژن نەدەرا، بە زاڵبوونێک کە بە سەر بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی سەردەمی خۆیدا هەیبوو، بە ئازایەکی تەواو و هەڵوێستەکردن، بناغەی بیرۆکە و تیۆرییەکانی سەردەمی خۆی دەکردە جێی مشتومڕ و شیکردنەوە. (سوور خوانا) لە شیعری (ئارەزووی یەکەم) بەهێزیی خەیاڵی ئەدەبیی

خۆی دەسەلمێنێ، کە ژنانیش دەتوانن داهێنەر و هونەرمەند بن. ئەم شیعرە: (In a Lighter vein) کاریگەرترین شیعر و بوێرانەترین شیعری (سوور خوانا)یە، کە پیاوان دەداتە بەر هێرش و ئاماژە بە هەڵسوکەوتی دژبەیەکانەی پیاوان دەدات کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. (سوور خوانا) بە دەربڕینی وشەگەلی لەشفرۆشی لە شیعری (In a Lighter vein)، بە شێوەی هەڵچوونی تێکەڵ بە جنێو لە سەردەمی گرتن و کوشتن و بڕین و ئاگربەردان لە ژنان، ڕوو لە پیاوان دەکات و شیعرەکە بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات: «ئەی پیاوانی گەمژە» و لە هەمان شیعردا دەڵێت بۆچی بە ناحەق و ناڕەوا و بەردەوام پەنجەی تاوان بۆ ژن ڕادەکێشن. سوور خوانا پەردە لە ناڕازیبوونی پیاوان بەرامبەر بە ژن هەڵدەماڵێت کە بەردەوام بەوەوە دەناڵێنن کە بۆچی ژنان وەڵامی داخوازیی ئەڤینی ئەوان نادەنەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە کاتێک ژنان وەڵامی ئەڤینی پیاوان دەدەنەوە، بە چاوی سووک و بێئیرادە و بێئابڕوو لە ژنان دەڕوانن:

You whimper if youre turned away

You sneer if youve been gratified

(سوور خوانا) لە هەمان شیعردا ئەم پرسیارە بەردەوامە دەخاتە بەر دیدەی پیاوان کە لەنێوان مامەڵەی پیاوان و لەشفرۆشەکان چ کەسێک زیاتر تاوانبارە؟

The woman who sins for money

Or the man who pays to sin?

(سوور خوانا) نزیک بە ٤٠٠ ساڵ لەوەوپێش، باجی ئەم بوێرییە شاعیرانەیە دەدات، بە شێوەیەک کە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵ، گۆڕەپانی گەشەی لێ تەنگ دەکەن و وای لێ دەکەن بە تەواوی دەست لە خۆی داشۆرێت و کاری ئەدەبی و نووسین بە لاوە بنێت. دوای ئەوە (سوور خوانا) تاقانەنووسەری ژنی ئیسپانی لە مەکسیک، پشتگیری بەڕێوەبەری کەنیسەش لەدەست دەدات و لە ماوەیەکی کورتیشدا کتێبخانەکەی دەفەوتێ و بە ناچاری لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا لە هەموو ئەو دەرفەت و مەجالانە کە بۆ ئەدیبێک

بووە، بێبەری دەکرێت. جگە لە (سوور خوانا) هەوڵی تاکەکەسیی دیش هەبوون، کە چەندین سەدە بەر لە سوور خوانا خەباتی ژنانەیان ئەنجام داوە و خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی کردووەتەوە، لەوانە: (گۆدیڤا)، پوختەی چیرۆکی ئەم خانمە بەم شێوەیە بوو: لە سەدەی یازدەی زایینی لە شاری کۆڤێنتری (Coventry) لە وڵاتی بەریتانیا، دوک کانتری ڕۆژ بە ڕۆژ باجێکی زۆری بە سەر خەڵکدا دەسەپاند کە ئەم باجەش وای لە خەڵکی بێدەرەتان کردبوو کە هاواریان لێ هەڵسێت. خێزانی دوک کانتری بە ناوی لەیدی گۆدیڤا: Lady godiva کە کەسایەتییەکی بەناوبانگ و زۆر نەجیب و خانم بوو و خەڵک زۆریان ڕێز لێی دەگرت، هاواری بۆ هاوسەرەکەی برد تا واز لەو باجە زۆرە بهێنێ، مێردەکەشی مەرجێکی بۆ دانا، وتی: «ئەگەر تۆ توانیت بە ڕووتی بەناو شاردا بگەڕێیت، ئەوکات منیش دەتوانم واز لەو باج و خەراجە بهێنم». دوک کانتری پێی وانەبوو ژنەکە لەبەر کەدایەتیی بەرزی بتوانێ ئەم کارە بکات، بەڵام لەیدی گۆدیڤا مەرجی مێردەکەی قەبووڵ کرد. دەنگوباسی ئەم هەواڵە بە شاردا بڵاو کرایەوە کە لەیدی گۆدیڤا لە بەرامبەر دابەزینی باجدا ئامادەیە بە هەموو شاردا بە ڕووتی و بە

سواری ئەسپ بگەڕێ. ڕۆژی گەڕانی لەیدی گۆدیڤا هات و بە ڕووتی سواری ئەسپ بوو، تەنیا بە قژی مەمکەکانی داپۆشی، خەڵکیش بۆ ئەوەی کەرامەتی ئەم خانمە بپارێزن ئەو ڕۆژە هیچ کەس لە ماڵ نەهاتە دەر و هەموو دەلاقە و دەرگاکان داخران. ئەم کارەی لەیدی گۆدیڤا بوو بە هۆکارێک کە دوک کانتری واز لەو باج و خەراجە زۆرە بهێنێ»(ئالا هۆشیار، بزووتنەوەی سینگڕووتەکان، پێگەی نووسین، 2013). ئەم هەوڵە تاکەکەسییانە هەرچەندە هەوڵی فێمینیستین، بەڵام نەبوونەتە هۆکاری دروستکردنی ڕێکخراوی ژنان و کرداری بەکۆمەڵ. «ژنان فراوانترین چین و توێژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوون و درێژترین چەوساندنەوە لەسەر ژنان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕاپەڕین و جووڵانەوەیەکی ژنان دژی چەوساندنەوەی خۆیان لە مێژووی دووردا بەرچاو ناکەوێ، ئەمەش چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە؛ لە لایەک پێکهاتەی مەعنەوی و سایکۆلۆژیی ژنان نەیتوانیوە توندوتیژی ئەوەندە بنوێنێ چەوسێنەری خۆی بەرزەفت بکا یان هەرنەبێت چالاکییەکانی سست بکات و توانای چەوساندنەوەی لاواز بکات، لە لایەکی ترەوە ئەو ئەرکەی ژنان پەیوەندی بە

لایەنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی خێزانی و سۆزداری و کەسایەتییەوە هەیە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەری کە بووەتە هۆی چەوساندنەوەی. ئەوەی بڕستی ئافرەتی بڕیوە و هێز و توانا و قەڵەمی دەست و پێی ژنانی شکاندووە ئەوەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی خێزانی خۆیەوە دەست پێ بکات و چنگ بنێتە گیانی باوک و برا و مێرد و کوڕەکانی»(ڕەسوڵ بۆسکانی، بزووتنەوەی ژنان لە قۆناغەکانی مێژوودا، سایتی دەنگەکان). ئەم کارەش سەختە و زۆر جار هۆکاری سەرەکیی ساردیی ژنان بووە لە ڕاپەڕین، چونکە یەکەم شوێن کە تێیدا ژنان ڕووبەڕووی نایەکسانی دەبنەوە، ناو خێزانەکانیانە و لەلایەن باوک و برا و مێردەکانیانەوەیە. بۆیە فێمینیستەکان هەمیشە هانی ژیانی سەربەخۆ دەدەن و خۆدوورگرتن لە دروستکردنی ماڵ و خێزان و بوون بە بەشێک لە دامەزراوەیەکی شکستخواردووی هاوشێوەی خێزان و لەبارەی ئەم بۆچوونەشەوە سیمۆن دو بۆڤواری نووسەر و فێمینیست و فەیلەسووفی فەڕەنسی دەڵێت: «من نەمدەویست هاوسەرگیری بکەم و منداڵم هەبێت و شێوازی ژیانی ژنێکی ناوماڵم نەبوو، کە چەوساوەترین کار بۆ ژن ئەوەیە، بۆیە

لەژێر باری خزمەتگوزاریی ژنانە دەرچووم».(سیمون دو بوفوار، لماذا انا نسوية، موقع الدحنون). سەردەمی گەشەسەندنی سەرمایەداری بە سەردەمی زێڕینی ژنی ڕۆژئاوا دادەنرێت، چونکە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە، ژنان بوونە خاوەنی کاری خۆیان، «لە کۆتاییی سەدە ناوەنجییەکاندا واتا لەگەڵ سەرەتای چرۆکردنی پەیوەندیی سەرمایەداری و زۆربوونی داخوازییەکانی ژیان، ئافرەت ڕووی کردە گەلێک کاری نوێ»(ئەڤین ئاسۆس، ٢٠١٣، ١٦). تا ئەمڕۆش ئابووریی سەربەخۆ هۆکاری ڕاستەوخۆی ئازادیی ژنی ئەورووپی و ئەو مافانەیە کە بەدەستی هێناوە کە ژنان کار دەکەن، خاوەنی هێزی خۆژیێنی و ئازادیی چوونەدەرەوەن. بەر لەو سەردەمەش بەهۆی پیاوانەوە ژنان لەو کارانە دوور خراونەتەوە کە زانیویانە و هێزیان لێی وەرگرتووە، «لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە کاتی ڕێنیسانسدا، ژنانی پزیشک دەسەڵاتی زۆریان هەبوو، ئەوان سەبارەت بە دەرمان و گیا هەموو شتێکیان دەزانی، دواتر پیاوان کاری پزیشکییان لە ژنان دەستاندەوە، دواتر لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا یاساگەلێک لەلایەن پیاوانەوە دانرا کە قەدەغەیان دەکرد ژنان کاروباری پزیشکی بەڕێوە ببەن، دەیانخستنە

زیندانەوە، سزایان دەدان»(سیمون دو بوفوار، لماذا انا نسوية). ئەمەش وای کردبوو ژنان لەژێر فشاردا ببن بە ژنی ماڵ و ئازاد نەبن و لە بەرانبەردا بیر و بازنەی بیرکردنەوەیان لە ماڵ زیاتر تێپەڕ نەکات و نەتوانن لەگەڵ دەستەخوشکەکانیان کۆ ببنەوە و لەمەڕ دۆخی ژیانیان بدوێن، بەڵام کاتێک «لە سەدەی نۆزدەدا سەرمایەداری گەشەی بەرفراوانی بە خۆیەوە بینی و لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان، ژنان بە ژمارەی زۆر هاتنە بازاڕی کارکردن، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ژن دەرفەتی کاری بە کۆمەڵی لە دەرەوەی ماڵ بۆ ڕەخسا. بازاڕی کار سەرەڕای پیاوان پێویستی بە هێزی کاری ژنان بوو، سەرەڕای ئەوەش کرێی کاری ژنان لەچاو پیاوانی کرێکاردا لە خوارتر بوو، هەلومەرجی ژیانی زۆر نالەبار بوو».(ڕەسوڵ بۆسکانی، هـ س پ). کاری زۆر و حەقدەستی کەمی پێ دەدرا، هاوکات ئەرکەکانی ماڵ و خێزانیشی هێشتا لە ئەستۆدا بوو، ئەو ژنانەی دووگیان بوون یان منداڵی زۆر ساوایان هەبوو لە مەترسیی نەخۆشکەوتن و مردن نزیک دەبوونەوە و دۆخی ئابورییان تا ڕادەیەک باش بوو، بەڵام ماسولکەکانیان بەرگەی ئەو هەموو کارە زۆرەی دەر

و ماڵی نەدەگرت، هەموو ئەم ناعەدالییەتە بووە هۆکاری تورەبوون و هەڵچوونی ژنان و درکپێکردنی دەستەجەمعی لەمەڕ ئەو ناحەقییە زۆرەی بەرانبەریان دەکرا، ئەو تووڕەبوونەش بووە بەرهەمی یەکەم خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار، «بیرۆکەی دیاریکردنی ٨ی مارس بە ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی ژنانی کرێکار لە نیویۆڕک لە ساڵی ١٨٥٧ بۆ ناڕەزاییی دەربڕین بەرانبەر هەلومەرجی کار بەرپا کرا. دواتر وەک ڕۆژێکی پرشنگدار لە خەباتی ژنان ٨ی مارسی ١٩١٧ لە ڕووسیا بووە یەکەمین هەنگاوی ئەو شۆڕشەی بە شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ ناسراوە. پاشان خودی ئەو شۆڕشەش بووە سەکۆی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر. لە دوای شۆڕش بە هەوڵی ئەلکساندرا کۆلۆنتای یەکێک لە هەڵسووڕاوانی ناسراوی جووڵانەوەی ژنان و یەکەمین وەزیری ژن، دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە ڕووسیا ٨ی مارسی وەک ڕۆژێکی پشووی ڕەسمی ڕاگەیاند».(رەسوڵ بۆسکانی، هـ س پ). لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە سۆڤیەت و ڕاگەیاندنی یاسای یەکسانیی ژن و پیاو و دابینکردنی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتییەکانی ژنان

و بە ڕەسمی ناساندنی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لەژێر گوشار و کاریگەریی ئەو تەوژمە جیهانییەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ بزووتنەوەی ژنان، وڵاتانی ڕۆژئاوا ناچار بوون مافی دەنگدانی ژنانیان بە ڕەسمی ناساند.

### ٥-٢: ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان

ژنانی ڕۆژئاوا بەراورد بە ژنانی وڵاتانی تەواوی گێتی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئازادترن و ئەم ئازادییەش بەرهەمی هەوڵ و خەبات و فشارەکانیانە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی وڵاتەکانیان و دانانی دەستوور و یاسای ئەوتۆ کە دژ بە ژنان نەبێت کە لە ڕابردوودا هەبووە، سیمۆن دو بۆڤوار (١٩٠٨-١٩٨٦) یەکێک بوو لەو ژنانەی کە هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە دەستی کرد بە خەباتی ژنانە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆی و قسەکردن لەسەر دۆخی ژنان بە گشتی و دۆخی کۆمەڵایەتییان بەتایبەتی. سیمۆن خۆی هاوسەرگیریی نەکرد و دایکایەتی ڕەت کردەوە چونکە پێی وابوو هاوسەرگیری (کە ببیتە ژنی پیاوێک و ئەو کاری دەرەوە بکات و تۆش کابانی ماڵ بیت) ئەوپەڕی

شکۆشکاندنە، هاوکات دایکایەتی واتە دوورخستنەوەی ژنان لە شوێنکار و ماتڵکردنی ژن بەدیار شیردان و چاودێریی کۆرپەوە. لە سەردەمانی پێشوو لە ئەوروپادا بەگشتی پیاوان کاریان دەکرد و ژنانیش بەوە ڕازی بوون کە لەماڵەوە بن، چونکە پیاوان «ژنەکانیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ژنی ڕاستەقینە ڕێگە بە مێردەکەی دەدات کار بکات و زۆریان ئەوە قەبووڵ دەکەن. جاری واشە ژنەکرێکارێک وا ڕاهێنراوە کە بەرانبەر بە کاری ناوماڵ و منداڵەکانی هەست بە گوناهـ بکات و ئەمە زۆر سەختە. ژن دەتوانێت هەردوو کارەکە بکات وەلێ وای لێ دەکەن هەست بە گوناهـ بکات»(سیمون دو بوفوار، لماذا انا نسوية). بۆیە ژنان بەشدار نەبوون لە دروستکردنی ئابووریی وڵات و خێزان و هاوکات لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لاواز بوون و تەنیا شوویان دەکرد و منداڵیان دەخستەوە و ڕۆژانی یەکشەممە دەچوونە کڵێسا و لە بەردەم مەریەمی پاکیزە دەکڕووزانەوە تا بیانبەخشێت گەر هەڵەیەکیان کردبێت. بەڵام ئەم دۆخە ئەمڕۆ لە سەدا سەد گۆڕاوە و ژنانی ڕۆژئاوا ئازادتر و ئازاترن؛ هەم لە ڕووی جەستەییەوە هەم لە ڕووی ڕۆحییەوە و چیدی ماڵ و مێرد و منداڵ لە

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانیان نییە. لە ڕابردوودا ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناچار دەکران منداڵی زۆر بخەنەوە و ڕێگری نەکەن، بەڵام دەستپێکی شۆڕشی ژنان بۆ ئازادکردنی ژن بوو کە خۆی بڕیاری منداڵبوون و نەبوون و تەنانەت لەباربردنیش بدات و ڕابەری ئەم بیرەش بێگومان سیمۆن دو بۆڤوار بوو. «لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژنان بۆ لە باربردنی منداڵەکانیان پەنایان دەبردە بەر گیا و داودەرمانی گیایی، چینی سەرمایەداریش پشتگیریی لەم کارەی ژنان دەکرد چونکە نەیدەویست دەستی کاری ژنان لە دەست بدات، بەهۆی ئەوەی ژنان کاری زیاتر و حەق دەستی کەمتریان بەردەکەوت»(سیلویا فدریچی، انباشت کار و تنزل جایگاه زنان، ت. مهدی صابری، 2016) ئەم کارەی ژنانیش وەنەبێت بە ئاشکرا بووبێت، چونکە خێزان ڕێگریی لەم بڕیارەی ژن دەکرد و گەر ئاشکرا بوایە ئەوە خێزان و دەسەڵاتی کڵێسا بەزەیی پێدا نەدەهاتەوە، چونکە ئایینی مەسیحی لە ڕێی کڵێساکانییەوە لە سەدا سەد ڕێگریی لە منداڵلەباربردن دەکات و هیچ بیانوویەک بۆ ئەم کارە قبووڵ ناکات، تەنانەت گەر منداڵەکە ببێتە مایەی مردنی دایکەکەش. گەر ژنێکیش منداڵی لە بار برد، توندترین سزا دەدرێت و

لە سەردەمە کۆنەکانیش سزای کوشتنی بەسەردا سەپێنراوە، چونکە کوشتنی منداڵ کوشتنی هەناسەیەکی خودایە. خاوەنی ئەو باوەڕە بوون، کە مرۆڤ پیرۆزە و ناکرێت لەناو ببرێت، بە بیانووی ئەوەی «نەفەسی مرۆڤایەتی شکۆدارە لەو ساتەوە کە خودا فەرمانی بە فریشتەکانی کردووە کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، ئەو نەفسەی کە خودای گەورە ئەفراندوویەتی و هەناسەی خۆی لە بەر کردووە، جێی ڕێز و شکۆیە».(الاجهاض خارج نطاق القانون، الدکتور عادل عامر). ئەم بۆچوونەش تەشریع کرا و بوو بە یاسای وڵات و شارلیی پێنجەم خستییە پاڵ یاساکانی سزادان و لە ساڵی ١٥٣٢ـەوە لە تەواوی ئەوروپا کاری پێ دەکرا تا شۆڕشی فەرەنسی. بۆیە ژنان جگە لە فشارە کۆمەڵایەتییەکان، دەکەوتنە بەر تانەی ناوەندە ئایینییەکان و ڕیسوا دەکران، تا سەدەی نۆزدە ئیدی دۆخەکە هەندێک گۆڕا و سزای منداڵلەباربردن لە کوشتنەوە بووە زیندانیی هەتاهەتایی، یانیش زیندانیی بیست ساڵ. پاشان وڵاتان وردە وردە حوکمەکانیان سووک کرد و ڕێیان بە لەباربردن دا و وڵاتی فینلاند لە یاسای سزادانی ساڵی ١٨٨٩ ڕێگەی بە لەباربردن دا بە هۆکاری تەندروستی و بوونی زیان بۆ

دایکەکە. دانیمارکیش ساڵی ١٩٣٣ بەبێ بیانوو ڕێگەی بە لەباربردن دا و پاشان وڵاتی سویسرا لە ١٩٤٢ و یابان لە ١٩٤٨ و چیکۆسلوڤاکیا لە ١٩٥٠ و... تا ساڵی ١٩٧٠ زۆربەی وڵاتان ڕێگەیان بە لەباربردنی کۆرپەلە دا. زۆربەی پشتگیریکارەکانیش پێیان وابوو ئەم کارە شتێکی باشە بۆ ڕێگرتن لە لەڕادەبەدەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، بەڵام لە ڕۆژگاری نوێدا دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە و ژنانی دووگیان لە ڕۆژئاوادا خاوەنکار ئاسانکاریی زیاتریان بۆ دەکرێت. لە ساڵی ١٩٧٠ـەوە دەسەڵاتی سەرمایەداری ڕوانینی خۆی بەرانبەر بە کرێکارە ژنەکانی گۆڕاوە و ئازادیی هاوسەرگیری و منداڵبوونیان دەداتێ، چونکە «چینی سەرمایەداری، منداڵبوون بە دەستکەوتێکی دیکەی ئابووری ناوزەد دەکات و وەک جۆرێکی دیکەی بەرهەمهێانی ئابووری دەبینێت، کە ژنێکی کرێکار دەستی کاری نوێ دروست دەکات».(سیلویا فدریچی، هەمان س پ). ئەمەش وای کردووە ژنان بتوانن منداڵ دروست بکەن و کارەکانیشیان لە دەست نەدەن، چونکە حکوومەت و دەستگاکان ئاسانکاریی تەواویان بۆ دەکەن و لە کاتی پشووی دایکایەتی کە بەپێی سیستمی وڵاتان جیاوازە،

مووچەکانیان نابڕن و بگرە دیارییش وەردەگرن، پاشان دەچنەوە سەر کار و دایەنگە و دایەنیش هەن تا ئاسانکاری بۆ دایکەکە بکەن لە کاتی کارکردندا، کە ئەمە لە ڕابردوودا نەبوو، یانیش زۆر دەگمەن بوو.

ئەمڕۆ ژنانی ڕۆژئاوا خۆیان بڕیاری ئەوە دەدەن کە ببنە دایک یان نا. هەرکام لە هەڵبژاردنەکەشیان هەبێت، زۆرترین پشتیوانی دەکرێن چ لە لایەن کۆمەڵگەوە، چ لە لایەن دەسەڵاتەوە. هاوکات بیرکردنەوەی ژنی ڕۆژئاوا تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازە سەبارەت بە ژنێتی و دایکایەتی، چونکە کارکردن لە پێشەوەی خەونەکانیەتی بەهۆی ئازادییەکەوە کە هەیەتی. هەرچی ژنی ڕۆژهەڵاتە، پێگە و پلەی کاتێک بەرز دەبێت و دەگاتە نیمچەئازادییەک کە شووی کرد و بووە دایک.

## ٦-٢: ڕەخنە لە هاوسەرگیری

هاوسەرگیری هەرگیز مەدالیای سەربەرزیی ژن نییە لە ڕۆژئاوا. ژنان بە وەدەستخستنی مێرد و بەشداربوون لە دروستکردنیماڵێکی نوێ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەرز نابێتەوە. ئەو ئازادییەی کۆمەڵ بە تاکی دەدات، هەڵبژاردنی لە بەردەم تاکی نێر و مێ و جووتڕەگەز ئاوەڵا کردووە کە ئازادانە خۆشەویستی بکەن تا ئەوپەڕی سنوور، ژنانیش ناچار نین لەپێناو گەیشتن بە ئەڤینی پیاوێک خۆیان بخەنە ناو ئەرک و ناچار بن لەگەڵ پیاوێکدا هەموو شت بەش بکەن. فرانسیس پاور کۆب؛ فێمینیستی بەریتانی، سەبارەت بە هاوسەرگیری دەڵێت: «هاوسەرگیری بە بەربوونەوەی دوو جاڵجاڵۆکە بۆ ناو دەفرێکی شووشەیی دەچێت، کاتێک یەکێک لەم دوو بونەوەرە ئێسکسووکە لەگەڵ بوونەوەرێکی تری هاوجۆری خۆیدا کە کەمێک لێی بچووکترە و دەکەوێتە بنەوەی شووشەکە، دەستبەجێ قووتی دەدات». لەسەر بنەمای ئەم فکرە و هەزاران فیکری فێمینیستیی دیکە، ژنان ئازادیی خۆیان ناکەن بە قوربانی ژیانی هاوسەرگیری، چونکە دەزانن دواجار دەبێت بەرانبەر بە هێنانەدی خەونی

پیاوەکانیان و مژوولبوون بە کاری ناومالّ و پاشان دایکایەتی دەستبەرداری خەونەکانیان بن، ئەمەشیان ناو نا ڕیفۆرم لە هاوسەرگیریدا، کە چیتر ژنان شانازییان بەوەوە نەدەکرد کە پیاوەکانیان ئابوورییان دابین دەکەن، «دەربەستبوونیان لە بنەماڵە و خزم و کەسوکار لە سەرووی داخوازە تایبەتی و کەسییەکانەوە بوو»(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٢). لەم ڕووەشەوە ژنانی ڕۆژئاوا هەرگیز فشاریان ناخرێتە سەر، کار و خەونی تاکلایەنانە و ئازادییە تاکەکەسییەکانیان بە کەم ناگیرێت، هەر کاتێکیش ژنان تەنیا و بێهاوسەر بوون پتر جەخت لەسەر هێنانەدی خەونەکانیان دەکەنەوە و کات باشتر پشتیوانیانە؛ واتە گۆڕینەوەی ژیانی خێزانی بە پتەوکردنی کەسێتی.

## ٧-٢: توندوتیژیی دژ بە ژنانی ڕۆژئاوا

ژنانی ڕۆژئاواش هاوشێوەی ژنانی دی سەرەڕای ئەو ئازادی و دەستکەوتە زۆرانەی هەیانە، بەدەر نین لە دەستدرێژیی پیاوان و شەڕی هەزارانساڵەی نێر و جێندەری، بەڵام دەتوانین بڵێین جۆری توندوتیژییەکان لە

فۆڕمدا جیاوازترن. لە ڕاپرسییەکدا کە بۆ ٢٨ وڵاتی یەکێتیی ئەوروپا کراوە و تێیدا ٤٢٠٠٠ ژن بەشدار بوون، ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپا بۆ مافە سەرەکییەکان ئەنجامی دابوو، دەرئەنجامەکان جێی نیگەرانیی میدیا و خێزانەکان بوون، کە زۆرینەی نهێنییە شاراوەکانی خستە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە ٥٥٪ ژنان ئازاری سێکسی دراون (بە زۆر سێکسکردن و ئازاردان لە کاتی سەرجێییکردن).

لە ١٨٪ کچان و ژنان گێچەڵی سێکسییان پێ کراوە (لە شوێنی کار و شوێنە گشتییەکان بە پلەی یەکەم).

لە ٤٣٪ ژنان لە ڕووی دەروونییەوە بەکار هێنراون.

لە کۆی هەر ١٠ ژنێک، یەکێکیان لە تەمەنی ١٥ساڵی گێچەڵی سێکسیی پێ کراوە.

لە هەر ٢٠ ژن، یەکێکیان دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر. - مۆرتن کیارووم بەڕێوەبەری ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپی بۆ مافە سەرەکییەکان.

وەک دەبینرێت زۆربەی توندوتیژییەکان سێکسین و ژنان ئەزیەتی سێکسی دەدرێن، هەروەها بردنی دەستکەوتی ئابووریی ژن بە پلەی دووەم دێت و لێدان بە پلەی سێیەم. زۆربەی ئەو ژنانەی کە گێچەڵی سێکسییان پێ دەکرێت، لەلایەن خاوەن کار و هاوپیشەکانیانەوەیە، کە بە ناچاری بێدەنگ دەبن لە ترسی لەدەستدانی کارەکانیان. هەرکاتیش بێنە دەنگ کارەکانیان لە دەست دەدەن و ڕووبەڕووی کێشەی ئابووری دەبنەوە. هەروەها کێشەکانی بەکارهێنانی ژنان بۆ بازاڕگەرمی و لە بواری بازرگانی و پڕۆپاگەندە لەو کێشانەن، کە لە ڕۆژئاواوە هاتە ڕۆژهەڵات «بەکارهێنانی جەستەی ژن لە تەواوی بوارەکانی ماکیاژ و خۆراک و شتی بێکەڵکتر، کە ئەو تێڕوانینەی لای ژن دروست کرد، کە ئەو تەنیا کەرەستەیەکی بازرگانییە و بۆ بازاڕگەرمییە. هاوکات بووە مایەی دواخستنی ژنانی نمایشکار، کە تەنیا بایەخ بە ڕوخسار و جەستەیان بدەن نەک عەقڵیان، چونکە وا تێگەیشتوون خەڵکی تەنیا جەستەیان دەبینێت»(استخدام المرأة فی الاعلانات التجارية، موقع مرکز الرافدين، 2011).

# تەوەری سێیەم:

# تێڕوانینە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بۆ ژن و پێگەی ژنی کورد

## ١-٣: ژن و پێگەی کۆمەڵایەتی.

کۆمەڵ ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە گرنگەیە، کە تێیدا تاکەکان ئەرک و ماف و ژیانیان تێیدا دەستنیشان دەکرێت و بەپێی کۆمەڵێک پێودانگ هەڵسەنگاندن بۆ کردار و گوتاریان دەکرێت، هاوکات بەپێی ئەو پێودانگانەش تێڕوانین بۆ تاک و چین و توێژەکان دروست دەبێت، تێڕوانین بۆ تاک لە کۆمەڵێک لایەنەوە دەستنیشانی دەکەن.

ژن یاخود مێیینە وەک تاک بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە و ئەرک و مافەکانی لەناو بازنە و چوارچێوەی کۆمەڵدا دیاری دەکرێت و بە پێچەوانەکەشییەوە دەخورێت. کۆمەڵ زۆر بەش و لایەن لەخۆ دەگرێت و هەر لە خێزانەوە تا باڵاترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دەکشێت. ئایین و

خێزان و کولتوور و نەریت ڕۆڵیان هەیە لە بەئاراستەبردنی تاک بەگشتی و ژنان بە تایبەتی.

گەر بێت و تەماشای دۆخی ژن بکەین لە تەواوی کۆمەڵەکانی جیهاندا، دەبینین دۆخی باش نییە و بەردەوام لەگەڵ خراپترین جۆرەکانی توندوتیژی و هەڵاواردندا دەستەویەخەن، تەواوی ئایینەکان و زۆینەی کۆمەڵەکان ستەم لە ژنان دەکەن، لە ئایینی ئیسلامدا ژن بە کەمعەقڵ ناو دەبرێت و گەر بە بەردەم نوێژکەرێکدا تێپەڕێت، نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە، شایەتیی ژن قبووڵ ناکرێت و لە میراتدا نیوەی بەشی براکەی وەردەگرێت»(ریمو نجیب شکری، مكانة المرأة فى الأديان المختلفة، موقع الحوار المتمدن، ٢٠١١). بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە دۆخی ژن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و بەپێی ئایین و کلتوور و نەریت و ئاستی هۆشیاریی وڵات و خێزان و ئاساییشی سیاسیی وڵات جیاوازی هەیە و لە هەندێ شوێندا سەرەڕای توندوتیژی و مەترسییەکانی لاقەکردن و هەڵاواردن و کوشتن و دەیان جۆری دیکەی دەستدرێژی، ژنان خاوەنی کار و بڕیارن و لە کاتی بوونی هەر مەترسییەک دەتوانن پشت بە دامودەستگاکانی پۆلیس و ئاساییش ببەستن و هەموو

جۆرەکانی توندوتیژی و هەڵاواردن و لاقەکردن بە تاوان دەناسرێن و تاوانکار سزای توند دەدرێت و پشتیوانی لە قوربانییە مێیینەکە دەکرێت. لە هەندێ کۆمەڵی دی، ژنان سەرەڕای توندوتیژیی جۆراوجۆر و ئاسانکوشتنیان و بە زۆر بەشوودان و لاقەکردن و سەرداریی نێرینەکانی خێزان بەسەریەوە، خاوەنی هیچ بڕیارێک نین و هاوکات دەستگاکانی پۆلیس و ئاسایشیش پشتگیرییان ناکەن و وەک بەشێک لەو کولتوورە ژنچەوسێنە مامەڵە دەکەن، تاوانکار دەرباز دەبێت و زۆر جار ئەو ژنەی ناحەقی دەرهەق کراوە، یان خێزانەکەی لێی بێبەری دەبن یان دەکوژرێت، گەر بەختیش یەک تۆز یاوەری بێت دەچێتە شێلتەر و زۆر جار تا مردن لەوێ دەمێنێتەوە.

## ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ژنی کورد لە ڕابردووی زۆر دوور و ئێستا و بۆ داهاتووش، دەبێت چاوێک بە سەرچاوە ئایینییەکان و نووسراوی ڕۆژهەڵاتناسەکان بگێڕین، چونکە ئایین بە پلە یەک قسەی لەسەر دۆزی ژنان کردووە و بە

پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ هەموو بەڵگەکان ڕوونن و هیچ کاروبارێک بەبێ دەستتێوەردان و قسەلەسەرکردنی ئایینی تێپەڕ ناکات و هەمیشە ئایین قسە و یاسا و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی هەبووە، «چونکە ئایین ئەو ڕێچکە و بەرنامە ڕێکخراو و باشدارێژراوەیە کە مرۆڤەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی ژیانیان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ پشتی پێ دەبەستن، دەشێ ئەو یاسا و دەستوورە ئایینییانە ئاسمانی بن یا ڕێسای مرۆڤکرد بن»(سەنگەر نازم، وێنەی ژن لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فەروغی فەروغزاد دا ل5)

هاوکات هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە مرۆڤ ئایینی بۆ خۆی دروست کردووە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و پەنابردن بۆ خوداوەندەکان لە کاتی تەنگەژە و کێشە و هاوکات دڵدانەوەی خودی خۆی لە کاتی ترس و تۆقین و نەداری، بۆیە ئایین دیرۆکی کۆنی مرۆڤایەتییە و هەمیشە وەک بەشێک لە مرۆڤ دەمێنێتەوە و لە کاتی پێویست مرۆڤ پەنای بۆ دەبات. وەکوو کوردیش دەتوانین چوار ئایین بە بەڵگە وەربگرین بۆ دۆزینەوەی دۆخی ژنی کورد تێیاندا، ئەوانیش ئایینەکانی زەردەشتی و

ئێزیدی و ئیسلام و جوولەکەن. بە حوکمی ئەوەی هەردوو ئایینی زەردەشتی و ئێزیدی دوو ئایینی کوردین و لە ناوچەکانی کوردستان پەیدا بوون و کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانی کورد بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی هەبووە چ لە مێژوودا و چ لە ئێستادا، هەروەها ئایینی جوولەکەش کورد دەگرێتەوە چونکە لە ڕابردوویەکی زۆر نزیکدا جوولەکە کوردەکان لە عێراق و کوردستان دەژیان و پاشان حکوومەتی عێراقی بە زۆر دەری کردن و چوون بۆ ئیسرائیل. ئایینی ئیسلامیش بەپێی پێگەی جوگرافی و فتووحات، زۆر زوو هێنراوەتە ناو کۆمەڵی کوردی و تێکەڵ بە نەریت و ژیان و کلتووری کورد بووە. هەروەها لەم سێ ئایینەدا زۆر بە ڕوونی باس لە ژن کراوە، بە تایبەتی لە هەردوو ئایینی ئێزیدی و ئیسلام کە زۆرتریان قسە لەسەر ژن کردووە.

## ٢-٣: ژن لە ئایینی زەردەشتیدا

ئایینەکان چ ئاسمانی بن یان زەمینی و مرۆڤکرد، کە مرۆڤەکان بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان دروستی بکەن و ڕێسا و یاسای تایبەتی بۆ دابنێن، بەر لە هاتنی داگیرکەران و کولتوور و ئایینە دژ بە ژیان و ژنەکان، ژنانی کورد لە سەردەمی ئایینی یارسانی و میترایییەکاندا پێگەیەکی بەرزیان هەبوو. ژن و پیاو هاوشان و هاوئاست و هاوکار بوون لە تەواوی کار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان. ئایینی زەردەشتی یەکێکە لە کۆنترین ئایینە تەوحیدییەکانی ڕووی زەوی. زەردەشت (١٤٠٠-١٢٠٠ پ.ز) کە بە پەیامبەری ئەم ئایینە ناسراوە، ئایینەکەی بڵاو کردووەتەوە و هەر ئەو بنەما و یاساکانی داناوە و پاشان پیرەکانی زەردەشت پەیامەکانی ئەویان گەیاندووە. ئایینی زەردەشتی تا ئەمڕۆش شوێنکەوتووانی ماون، لە باشووری کوردستانیدا لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە زیاتر بووژاوەتەوە و پیر و لایەنگرانی، ڕێسا و بنەماکانی ئەم ئایینە بە خەڵکی دەناسێنن و لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا نوێنەریان هەیە، چونکە نزیکترین ئایین لە نەتەوەی

کوردەوە ئەم ئایینەیە و زۆر سەرچاوەش ئاماژە بە کوردبوونی زەردەشت دەکەن. وەک ئەوەی ئایینی زەردەشتی کۆنە، شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە قسەی لەسەر مەسەلەی ژن و ماف و ئەرکەکانی کردووە. ئایینی زەردەشتی پێچەوانەی زۆربەی ئایینەکان پێگەی ژنی بەرز نرخاندووە، لە کتێبی بۆندەهێشن (bundahishn) کە کتێبێکە بە زمانی فەیلی یان پەهلەوی نووسراوە، لە بەشی ١٥دا هاتووە «ئەوکات ئاهورامەزدا کە پێشتر گیانی ئەفراندبوو، خستییە لاشەی مەشیە و مەشیانە (ژن و پیاو)»(پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا، ئارێز ئەندازیاری، کوردیپیدیا، ٢٠١٢). لەم دێڕەدا لە "گیانی پێیان بەخشی"دا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاهورامەزدا جیاکاریی جێندەری لەنێوان مەشیە و مەشیانەدا نەکردووە و پێکەوەی ئەفراندوون و بە یەک کاتیش گیانی وە بەر خستوون و لە هیچ شوێنێکیشدا کەسی لەوی تر بە بەرزتر نەزانیوە و هەمیشە لە کاتی بانگکردندا هەردووکی پێکەوە بانگ کردووە. هاوکات لە ئایینی زەردەشتیدا ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن دەستنیشان کراوە کە بە جەژنی ئیسفەنگان (ڕەشەمێ) کە لە ٢٠ی مانگی ڕەشەمێ ئەنجام دەدرێت.

ئیسفەند؛ ئەو مانگەی کە ڕۆژی ژنی تێدا بەرز دەنرخێنرێت، لە ئاڤێستادا بە مانای لەخۆبوردوویی و خۆڕاگری هاتووە. «پێگەی ژن لەناو مادەکاندا زۆر هێقم و چەسپاو بووە، نموونەی زیندووی ئەمەش (سترابون) باسی دەکات، لە ساڵی (٦١٢ پ.ز)، کاتێک (هوەخشتەر)ی ماد شاری موسڵ داگیر دەکات، ئافرەتێکی میدی دەکا بە پارێزگاری ئەو شارە. لە ڕووی ئایینییشەوە لەناو زاگرۆسنشینەکاندا ئافرەت پێگەی ئایینیی خۆی هەبووە. لە ئایینی میترائیسمدا پایەی دووەمی ئەو کەسانەی دەچنە بازنەی ئایینداریەوە پێیان دەگوترێت (هامسەر یان هاوسەر) و بە یۆنانی پێی گوتراوە (نیمفوس-NYMPHUS) و ئاماژەیە بۆ ئەستێرەی زوهرە کە کاتی خۆی (ناهید)ی پێ گوتراوە و (ئاناهیتا)ش یەکێکە لە سیمبولە دیارەکانی ژن لەم ئایینەدا کە شوێنەوارەکەی لە شاری (کەنگاوەر)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

«پاش ئایینی میترائیسم لەناو مادەکاندا، ئایینێکی دیکە دەرکەوت کە ئایینی زەردەشتییە، سیما دیارەکانی ئەم ئایینە ژینگە پارێزی و ژن پارێزییە».(پێگە و قەڵەمی ژن لە

ئایینی دێرینی یارسان و مادەکاندا، نامیق هەورامی، ڕێکخراوی یارسانیی یاری کورد). هەروەها لە ڕووی هاوسەرگیرییەوە لە ئایینی زەردەشتیدا ژن و پیاو تەنیا بۆیان هەیە یەک هاوسەریان هەبێت و هاوسەرگیری بە شێوەی کاتی بوونی نییە. «جێمز دارمستەر jamesdarmester سەبارەت بە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکان باسی ئەوەی کردووە کە لەو سەردەمەدا پێنج ژنی دەسەڵاتدار ڕێزی لێ گیراوە، هاوکات دایکی شاپووری دووەم بیست ساڵ بەر لە لەدایکبوونی شاپوور حوکمڕانیی کردووە، تاکوو کوڕەکەی گەیشتووە بە تەمەنی یاسایی».(هەمان سەرچاوەی پێشوو). لە سەردەمی زەردەشتدا ژن مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و جیابوونەوە و سامانداری و موڵکداریی هەبووە، هاوکات کاروباری مێردەکەشی بە ڕەزامەندیی ئەو بەڕێوە بردووە، «بەڵام ئەم سەردەمە زێڕینەی ژن زۆر درێژەی نەکێشا و پاش نەمانی زەردەشت ژنان دووبارە خرانەوە ناوماڵ و بەرئاگردان و تاکەکاریان گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی مێرد بووە».(سهیلة زین عابدین حماد، وضع المراة قبل الديانات السماوية).

ئەوەشمان لە بیر بێت لەناو زاگرۆسنشینەکان و ئارياييیەکاندا چەندین ژنی بەناو و خاوەنپێگەمان هەن وەک لە بەرگی ١١ی کتێبی (فرزانگان ایران)دا هاتووە، لەوانەش:

١ یوتاب؛ یەکێکە لەو ژنە مادانەی لە جەنگی دژی ئەسکەندەردا پاڵەوانێتیی نواندووە لە کێوەکانی چوار مەحاڵی بەختیاریدا و دواتر بووەتە فەرمانڕەوای ئازەربایجان.

٢- ئاتوسا؛ فەرمانڕەوای زیاتر لە ٢٨ وڵات بووە لە سەردەمی داریووشی گەورەدا و لە بەرانبەر لەشکرکێشیی یۆنانییەکاندا پاڵەوانێتیی نواندووە و (هرودوت)ی یۆنانی چەندین جار ناوی هێناوە.

٣- ئەرتاداخت؛ لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ئەردەوانی چوارەمدا وەزیری دارایی بووە.

٤- ئازەر میدیخت؛ سیودووەمین پاشای ساسانییەکان بووە.

٥- پەرین؛ کچی کەیقوباد بووە، ساڵی ٩٢٤ پ.ز، هەزاران لاپەڕەی لە ئاڤێستا کۆ کردووەتەوە و بۆ یەکەم جار لە

مێژووی ڕۆژهەڵاتدا ئاڤێستای بە تەواوی نووسیوەتەوە و دابەشی سەر دەوڵەتەکانی ئیمپڕاتۆڕییەتی مادی کردووە.

٦- پوران دوخت، بیستوپێنجەمین پاشای ساسانییەکان بووە.

## ٣-٣: ژن لە ئایینی ئیسلامدا

قسەکردن لەسەر دۆخی ژن لە ئایینی ئیسلامدا وەک ئایینێکی ئاسمانی زۆرترین قسە هەڵدەگرێت، چونکە ئایینی ئیسلام زۆر بە وردی قسەی لەسەر هەموو شتێکی ژن و ژیانی ژن کردووە و هەروەها سووڕەتێکی قورئانیشی بە ناوی ژن(النساء)ـەوە ناو ناوە. ئایینی ئیسلام پیاوی بەرز نرخاندووە و یەکەم ڕێزنیشاندانی خودا بۆ نێر -کە ئادەم نوێنەری تەواوی نێرەکانی سەر ڕووی زەوییە- ئەوەیە خودا یەکەم کەس ئادەمی دروست کردووە. پاش ئەوەی ئادەم بێزار بووە، خودا حەوای وەک کەرەستەی ڕەواندنەوەی تەنیایی و بێتاقەتیی ئادەم ئەفراندووە، ئەمەش

لە تەواوی ئایینەکاندا هاوشێوەیە. هاوکات بوونێکی سەربەخۆی بە ئادەم بەخشیوە وەلێ حەوا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست کراوە، کە هەمیشەش چەپ وەک سیمبولی لاوازی و خراپەکاری تەماشا دەکرێت. هەروەها لە سورەتی (البقرة)دا هاتووە: «وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ» (البقرة: ٣٤). دەبینین خودا تەنیا داوای ئەوەی کردووە کە فریشتە و شەیتان تەنیا کڕنووش بۆ ئادەم بەرن و باسێک لە حەوا نییە، کەواتە یەکەم کار کە خودا کردوویەتی جیاکاری بووە لەنێوان تاقە دوو دروستکراوی خۆی کە ئەوانیش ئادەم و حەوان.

هەروەها لە مەسەلەکانی میرات ژن نیو بەشی براکەی وەردەگرێت. هاوکات فرەژنی کە شکاندنی کەرامەتی ژنە و تەماشاکردنی ژنە وەک جەستە و ئامرازی تێرکردنی پیاو، ئایینی ئیسلام دایهێناوە. هەروەها کەنیزە و سەبییە کە لە شەڕدا هەن و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچانەی گەیشتوونەتە سووڕی مانگانە. جگە لە ئایەتی قورئانی، فەرموودەی پەیامبەری ئیسلامیش زۆرن کە لە

بەرژەوەندیی پیاواندان و توندوتیژئامێزن دژ بە ژنان، لەوانەش؛ موحەمەدی پێغەمبەری ئیسلام لە فەرموودەیەکدا کە ئەبوبەکر گێڕاویەتییەوە و ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، دەڵێت: عَنْ أَبِي بَكْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: «لَقَدْ نَفَعَنِي اللَّهُ بِكَلِمَةٍ سَمِعْتُهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيَّامَ الْجَمَلِ بَعْدَ مَا كِدْتُ أَنْ أَلْحَقَ بِأَصْحَابِ الْجَمَلِ فَأُقَاتِلَ مَعَهُمْ . قَالَ : لَمَّا بَلَغَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّ أَهْلَ فَارِسَ قَدْ مَلَّكُوا عَلَيْهِمْ بِنْتَ كِسْرَى قَالَ : لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً». (رواة البخاري: ٤٤٢٥). واتە هەر میللەتێک ژن سەردار و گەورەیان بێت سەرکەوتوو نابن و کاریان ساز نابێت، ئەمە لە کاتێکدا لە قورئاندا باسی سەرداری و ژیری و حیکمەتی بەڵقیس کراوە، بۆیە ئەم دوو وێنەیە پارادۆکس دروست دەکەن و وتەکەی پەیامبەر بەرانبەر بە چیرۆکی بەڵقیس کە خودا گێڕاویەتییەوە، دژیەک دەوەستن. لە قورئاندا لە باسی بەڵقیسدا هاتووە کە باڵندەی هودهودی حەزرەتی سولەیمان دەچێتە سەبا و پاشان دەگەڕێتەوە و هەموو ئەو شتانەی بینیویەتی بۆ پەیامبەری دەگێڕێتەوە و لە باسی بەڵقیسدا دەڵێت: «إِنِّي وَجَدْتُ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ». (القرأن سورة النمل: ٢٣).

جگە لەوەش لە ئایینی ئیسلامدا ژن بۆی نییە سەرۆک بێت، هاوکات سەرۆکی قەزا بێت، دادوەری و پێشنوێژی و مەلایەتی و شێخ و سەید و پەیامبەر و بانگخوازی بۆ ژن ڕێگەپێنەدراوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئایینی ئیسلام وای دەبینێت ژنان کەمعەقڵن، کەچی تا ئەمڕۆ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و پزیشکی ئەوەی نەسەلماندووە کە ژنان لە پیاوان کەمعەقڵتر بن.

هەروەها نموونەی فەرموودەی تر زۆرن کە پەیامبەری ئیسلام بە لاواز وەسفی ژنی تێدا کردووە:

-قال أبي هريرة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم أنه قال: «اللهم إني أحرج حق الضعيفين اليتيم والمرأة». «لو كنت آمرًا أحدًا أن يسجد لأحد، لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها».

-عن أبي ذر رضي الله عنه: عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «تعاد الصلاة من ممرّ الحمار والمرأة والكلب الأسود». وصححه الألباني في (الصحيحة 3323).

-عن رسول الله (صلى الله عليه وآله): «ويل لإمرأة أغضبت زوجها, وطوبى لإمرأة رضى عنها زوجها».

## ٤-٣: ژن لە ئایینی جوولەکەدا

یەهودییەت یەکێکە لەو ئایینانەی کە بەرانبەر بە ژن ڕەقە و لە زۆر شوێنی (تەلموود)دا سووکایەتی بە ژن کردووە و بە خراپ باسی ژنی کردووە. هەرچەندە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەوڵەتییەوە ژنی جوولەکە ئەمڕۆ خاوەنپێگەیەکی بەرزن، بەڵام نووسراو و دەقەکانی ئایینەکەیان هەرگیز لە بەرژەوەندیی ژنەکان نەبوون و نین. تەلموود ستایشی خوای لەسەر پیاوان فەرز کردووە کە خودا بە پیاوی ئەفراندوونی نەک بە ژنی. تا ئەمڕۆش پیاوان لە نزاکانیاندا دەڵێن: «سوپاس بۆ تۆ خودای من، خودای هەموو بوونەوەران، ئەی ئەو کەسەی منت بە ژن دروست نەکردووە». لە سفری زانکۆی ئەبوکریفیدا چەندین وەسفی خراپی ژن کراوە، وەک: «بە هەرجۆرێک حوکم دەکەی بەسەرمدا بیکە بێجگە لە خراپەی ژن». هەروەها لە شوێنێکی تردا هاتووە: «ڕووبەڕووبونەوەی شێر باشترە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژن». تەلموود لە زۆر شوێندا زۆر بە سووک و کەم تەماشای ژنی کردووە و هەموو کردارێکی خراپی داوەتە پاڵ ژن، وەک سیحر و

جادووگەری و زینا و پێی ووتون «جوانیان زۆرە و ژیریان کەم». لە سفری تەکویندا هاتووە کە دەڵێت: «گەر هات و پیاو لەبەر هەر هۆیەک ژنەکەی نەویست، دەتوانێت تاوانباری بکات بەوەی کە کچ نەبووە». دەبینین ئەمە خراپترین شتە کە ئایینێک بانگەشەی بۆ بکات، چونکە هەم ژن بە کەم نیشان دەدات و هەمان هانی پیاو دەدات کە هەرکات ویستی بەهۆی لۆژیک و نالۆژیک لە ژنەکەی جیا ببێتەوە و لەکەداری بکات و پەڕۆیەکی سپی نیشانی خەڵک بدات و بڵێ: «من ئەم ژنەم ناوێ چونکە کچ نەبووە و پەڕۆکەی سوور نەکردووە».(سەعید بەشیر، سێکس لە ئایینەکانی جیهاندا، ل٢٩١ تا ٢٩٤). پیاو دەتوانێت بە ویست یان بەبێ ویستی ژنەکەی لێی جیا ببێتەوە، بەڵام ژن ناتوانێت بێ ویستی پیاوەکەی جیا ببێتەوە. سەیرترین شت ئەوەیە خودا کە خۆی ژنی دروست کردووە کەچی بە پیس و گڵاو ناوی بردووە، ماوەی گڵاوییشی بۆ ژن دیاری کردووە کە ماوەی منداڵبوونیەتی و ماوەکەش بۆ منداڵی کوڕ کەمترە لە منداڵی کچ و دەڵێ: «خودا لەگەڵ مووسا قسەی کرد و وتی بە بەنی ئیسرائیل بڵێ گەر ژن سکپڕ بوو و کوڕی بوو حەوت ڕۆژان گڵاو دەبێت، گەر کچیشی بوو ئەوها دوو

هەفتە گڵاو دەبێت». هەروەها ئەوەشیان هەیە: «ژنی بێشەرم وەک سەگ تەماشا دەکرێت. لە ژنەوە گوناهـ سەرچاوەی گرتووە و بەهۆی ئەویشەوە هەموومان دەمرین». تەورات و پەرستگای جوولەکە لە کۆمەڵێکی باوکسالاریدا سەریان هەڵدا، ڕا و بۆچوونە پێشوەختەکانی ئەو کۆمەڵەیان نواند و بەرجەستە کرد. هەزار و یەک بەڵگە و بیانووی غەیبیان بۆ پشتیوانیی تیۆریی کێماسیی ئافرەت هێناوەتەوە، خۆ بەپێی بۆچوونەکانی خاتوو (بنتاسیلگو) بێت ژن لە کۆمەڵی جوولەکەدا لە هەموو شتێک بێبەش بووە. هەروەها مەسەلەی فرەژنی، جوولەکە دایناوە و لە زۆر شوێن هانی فرەژنیی داوە و کاهینەکانیش لە یەک ژن زیاتریان هەبووە. چیرۆکی (صموئیل) تیشکی خستۆتە سەر هۆکاری فرەژنی و کێشەکانی؛ لەو چیرۆکەدا باس لە ژنێک دەکات بەناوی (حونە) کە منداڵی نەبووە و مێردەکەی ژنێکی تری هێناوە بەناوی (زەڕە) واتە (فتنە) کە هەموو ساڵێک خۆی بەسەر حونەدا هەڵدەکێشا و دەبووە هۆی تووڕەکردنی و کەمخۆراکی، ئەوە بوو پاش ئەوەی کە حونە بۆ ماوەی دوو ساڵ نوێژی کرد «بیری خودا کەوتەوە و سکی پڕ بوو، منداڵێکی کوڕی بوو کە ناوی نا (صموئیل)

واتە (باوەڕ بە خودا) کە تەرخانی کرد بۆ خزمەتکردنت خودا».(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨). لە تەلموودا باس لە ڕێگەدان بە فرەژنی دەکات و لە یەکێک لە فەتواکاندا دەڵێت: «پیاو دەتوانێت چەند ژنی بوێت بیخوازێت و لە فەتوایەکی تردا دەڵێت کە فرەژنی ڕێگەی پێ دەدرێت، بەڵام بەو مەرجەی لە چوار تێپەڕ نەکات».(هەمان سەرچاوەی پێشوو، سێکس لە ئایینەکانی جیهاندا، ل٢٩٨).

**٥-٣: ژن لە ئایینی ئێزیدیدا.**

ئایینی ئێزیدی کە بە یەکێک لە ئایینە کوردییە ڕەسەنەکان دادەنرێت، بەڵام وەک دەبینین و دەبیستین ئەم ئایینەش زۆر توندە بەرانبەر بە ژن. هەندێ ڕەفتار کە بەرانبەر بە ژنی ئێزیدی دەکرێت، هێندە نامرۆڤانەیە لەگەڵ هیچ بنەمایەکی مرۆڤایەتیدا ناگونجێت. ژنی ئێزیدی ئازاد نییە لە بڕیاردان و بەپێی ویست و بڕیاری سەردارەکانی کە باوک و برا و مێردن دەبێت بجووڵێتەوە، هەروەها کچانی ئێزیدی مافی ئەوەیان نییە لەگەڵ کوڕانی ئایینەکانی دی هاوسەرگیری بکەن و گەر ئەم کارەش ڕوو بدات، کوژرانی لێ

دەکەوێتەوە وێنەی (دوعا). هەروەها تا ئەمڕۆش لەدایکبوونی کچ لەناو ئێزیدییان بە گەرمی پێشوازی لێ ناکرێت و زۆر جاریش بە لەدایکبوونی کچ ڕووسارد و خەمگین و تووڕەن. جگە لەوەش ژنانی ئێزیدی زۆر جار لە یەکەم چرکەی لەدایکبوونیانەوە یان کاتێک لەسەر بێشکەن، مارە دەکرێن و تا ئەمڕۆش ئەم دیاردەیە لەناو ئێزیدییان ماوە. لە حاڵەتی ڕوودانی زینا یان دەستدرێژیی سێکسی، ئایینی ئێزیدی تەنیا ژن بە تاوانبار دەزانێت و پیاویش هیچ پەڵەیەک هەڵناگرێت، ژن دەکوژرێت و پیاوەکەش ئازادە. سەرەڕای ئەوەی بوونی دەقی ئایینی لە وتەی (شەقەسەری) سەبارەت بەوەی کچ و دایک دەبێت بەشەمیراتیان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێزیدییەکان پابەندی ئەمە نابن و بەشیان نادەن، بۆیە حاڵەتەکانی خودکوژی و هەڵاتن زۆر بوون و تەنیا لە ساڵی ٢٠١١دا ٨١ حاڵەتی خودکوژی بە خۆهەڵواسین و ژەهرخواردن و خۆسووتاندن و خۆخستنەئاوەوە لەناو ژنانی ئێزیدی ڕووی داوە. جگە لەوەش «ئایینی ئێزیدی، هاوسەرگیریی کچان و کوڕانی لەگەڵ کەسانی سەر بە هیچ ئایینێکی دی قبووڵ ناکات و هەرکات ئاشکرا بێت کچێکی ئێزیدی

کوڕێکی لە ئایین و بنەماڵەکانی دی خۆش ویستووە، ئەوا گەورانی ئێزیدی بڕیاری کوشتنی دەدەن و گەر کوڕێکی ئێزیدییش کچێکی غەیری ئێزیدی خۆش بوێت، ئەوا هەوڵ دەدرێت دوور بخرێتەوە».(خيري شنكالي، دور المراة فی المجتمع الكردی، کوردیبیدیا).

## ٦-٣: ژنی کورد لە دەفتەری ڕۆژهەڵاتناسەکاندا

جێی شانازییە لە دەفتەر و نووسراو و کتێبی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەردانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کوردستیان بە تایبەتی کردووە، هەمیشە پێگەی ژنی کورد بەراورد بە ژنی وڵاتانی عەرەب و فارس و تورک بەرزتر دەرکەوتووە، هەرچەندە پابەندی یەک ئایینیشن. لە کتێبی (ژن وەک سەرکردەیەکی سیاسی لە مێژووی کورددا)ی مارتن ڤان پرۆنسیندا، نموونەی ئەو ژنە کوردانەی بەرز نرخاندووە کە لە مێژووی کورددا خاوەنی دەسەڵات بوون وەک عادیلە خانم و بەم شێوە باسی کردووە: «خێڵی جاف کە لەو کاتەدا وەک گرنگترین خێڵی ناوچەکە هەژمار دەکران لە باشووری کوردستاندا، هاوشان لەگەڵ چەندین

خێڵی دی کە لە جاف پلە خوارتر بوون و بە خۆیان و سامانەکانیانەوە بە موڵکی جاف دەزانران، پیاوان بەسەر تەواوی چینەکان و کاری جووتیاریدا زاڵ بوون. ئەوەی جێی بایەخە، پیاو نا، ژنێک ئەم هەرەمە کۆمەڵایەتی و جووتیارییەی بە ڕێوە دەبرد ئەویش عادیلە خانی هەڵەبجە بوو کە ژنی عوسمان پاشا بوو. (من عادلة خان الى ليلى زانا، مارتن فان برونسين). ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەراورد بە تەواوی ئەو ژنانەی باسی کردوون، عادیلە خانی بە باشترین زانیوە، چونکە ژنەکانی تر پاش مردنی باوک و برا یاخود لە نەبوونی ئەواندا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، بەڵام عادیلە خان، کاتێک عوسمان پاشا لە ژیاندا بوو، وردە وردە دەسەڵاتی گرتە دەست. پاش مردنی پاشا لە ١٩٠٩ بە تەواوەتی دەسەڵاتی گرتە دەست و لە مێژووی کوردستاندا وەک دیارترین ژنی کورد باس کراوە. هەروەها زۆربەی نووسەرە کلاسیکەکانی سەبارەت بە باشووری کوردستان نووسیویانە، باسی عادیلە خانمیان کردووە، لەوانەش: ی، ب، سۆن و سی، جی، ئەدمۆنز.

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسەکان کاتێک ژنی کوردیان بەراورد بە ژنی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی و هاوسێکانی کورد؛ (عەرەب، تورک، فارس) کردووە، ئەوەیان بۆ ڕوون بووەتەوە کە ژنی کورد زیاتر خاوەنبڕیار و ئازادیی فیکری و جەستەیین. باسلی نیکیتی لێکۆڵەر سەبارەت بە ژنی کورد وتوویەتی: «ژنانی کورد نازانن حیجاب چییە (مەبەستی لە نیقاب یاخود ڕووپۆش بووە)، هەروەها هەرگیز ڕوخساریان داناپۆشن». (تصحیح تاریخ الکرد المحرف والمسروق، د. سوزدار). هەروەها بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، ڕۆژهەڵاتناسان ئەوەشیان باس کردووە کە ژنانی کورد هەمیشە لە دانیشتنەکاندا شانبەشانی پیاوان بوون کە ئەمە لە وڵاتانی عەرەب و تورک نەبووە، هەروەها لە وڵاتانی عەرەب و تورک و فارس حەرەمسەرا هەبووە، بەڵام لە کوردستان نەبووە.

لە هەندێ ناوچەی کوردستان حوکمداریی ژن شتێکی ئاسایی بووە، بەپێی (قانووننامە) کە دەستنووسی عوسمانییەکانە و ئەو کاتەی لە کوردستان بوو، ئاماژەیان بە دەسەڵاتی ژن داوە. هەندێ لە ناچووەکان و

سەنجەقەکان میری ئاسایی فەرمانڕەوایی کردوون. ئەولیا چەلەبی کە بە یەکێک لە دیارترین نووسەرانی سەردەمی عوسمانی دادەنرێت، بۆ نووسینەوەی ژیانی ڕۆژانەی عوسمانییەکان و لە کاتی دانانی قانوونناmەدا بۆ هەموو سەنجەقێک بەشێکی تایبەتی داناوە و بە تێپەڕبوونی کات دەستکاری کراوە و گۆڕدراوە، لایەنی دەسەڵاتداری و خەزنەداری و ئابووریی دەسەڵاتی کوردی لە خۆ گرتووە و باسی ئەوەی کردووە لە زۆر ناوچە حوکم لە لایەن مەرکەزییەتەوە بوو. هەندێ سەنجەقیش خۆڕێبەری بوون، بەڵام ئەوەش دەبینرا کە زۆر جار کچی خانەوادەکان حوکمدارییان دەکرد و ڕێگەپێدراو بوو کچان دەسەڵاتداری بکەن و شتێکی دیار و ئاسایی بوو لای کورد و ئەمەش جێی سەرسوڕمانی عوسمانییەکان و خودی ئەولیا چەلەبی بوو. لەنێو ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکاندا، (مێجەرسۆن – سەردانیکەرە بەناوبانگەکەی عێراق و کوردستان لە ساڵی ١٩٠٩) یەکێکە لەوانەی زۆر سەرسامی خەسڵەت و ڕەفتاری ئافرەتانی کورد بە گشتی و ئافرەتانی جاف بە تایبەتی بووە. ناوبراو بە بایەخ و ستاییشەوە باس لە ڕێز و دلۆڤانی و کراوەیی و سەربەستی و چالاکیی ئافرەتانی

جافی کردووە. هەروەها (مارتن ڤان پرۆنسین) جگە لە عادیلە خانم، باسی چەند ژنێکی دیکەشی کردووە و یەکێک لەوان کە جێی سەرنجی بووە میان خانم بووە. وەک دەوترێت «بەهێزترین سەرکردەی ئێزیدییەکان بووە لە چەرخی نوێدا، سەرەڕای ئەو دەنگۆ و بوهتانە زۆرانەی بۆی دەکرا، ئەو دەسەڵاتی گرتە دەست و سەرکردایەتییەکی سەرکەوتووانەی کرد».(د. فیان النجار، من عادلة خان الى ليلى زانا المراة كقائد سياسي في تأريخ الكرد،موقع نسا العراق).

میان خانم ژنی سەرکردەی بەر لە خۆی؛ عەلی بەگ بووە، کە ساڵی ١٩١٣ لە حاڵەتێکی نائاسایی و ئاڵۆزدا کوژرا، مردنەکەشی دەیان چیرۆکی بە دوای خۆیدا هێنا. زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە میان خانم خۆی مێردەکەی خۆیشی کوشتووە، کە گوایە میان خانم سەفەر ئاغای موسڵمان و ئاغای بنەماڵەی دۆسکیی خۆش ویستووە و پێکەوە عەلی بەگیان کوشتووە. زۆر کەس دەڵێن ئەو شەوەی عەلی بەگ کوژراوە، سەفەر ئاغا لەماڵیان بینراوە. هیچ بەڵگەیەکی دروست نییە بۆ ئەو دەنگۆیانەی لەو سەردەمەدا پەیدا بوون، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسەکان وەک (میان خانمی عاشق و

سەرکردەی بەهێز) بانگیان کردووە. «میان خانم دەسەڵاتی گرتۆتە دەست تا سەعید بەگ گەیشتە تەمەنی یاسایی، کاتێک سەعید بەگ بووە ١٨ ساڵ دایکی دەسەڵاتەکەی نەدایێ، چونکە کوڕەکەی لاواز بوو، هەروەها بە ئاشکراش ڕقی لێی دەبووەوە».(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

هەندێ ڕۆژهەڵاتناسی دی کە هاتوونەتە ناوچە عەرەبی و کوردنشینەکان، ئاماژەیان بەوە داوە کە بە ڕواڵەت دیارە ژنی کورد ئازادە و وتوویانە: «ژنی کورد قژی ڕەنگ دەکات و لە زوڵفەوە دەری خستووە و مووروو و کڵاوی جوانیان لەسەرە، بەڵام ژنی عەرەب تەنیا ڕوخساریان دیارە و زۆر جار لە کاتی بینینی ئێمەدا دەمیشیان داپۆشیوە». باسیان لەوەش کردووە ژن و پیاوی کورد کاری هەرەوەزییان کردووە و هیچ کارێکی قوڕس نەبووە ژن یان پیاو بە تەنیا بیکەن جگە لە کابانی، بەڵام لەناو خێڵە عەرەبەکاندا پیاوان دادەنیشتن و قاوەیان دەخواردەوە و ژن و کچە زۆرەکانیان کاری قوڕسیان دەکرد، وەک ئاژەڵداری و بەرڕنینەوە و کێڵگەکاری و وڵاغ و حوشتریشیان بەخێو دەکرد.

کاتێک دەڕوانینە مێژووی کۆنی کورد، دەبینین تەنانەت ئاغا و میرەکانیش فرەژنییان نەکردووە چونکە ئەوە کولتوور نەبووە، بەڵام پاش تێکەڵبوون لەگەڵ عەرەب، ئیدی فرەژنییش تێکەڵی کورد بوو و تا ئەمڕۆش ماوەتەوە.

## سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

**بە کوردی:**

1- ئارام سدیق، خۆکوژی چ1، چاپخانەی یاد سلێمانی،٢٠٠٧

2- ناسیر حسێن، فێمێنیستی ئەدەبی ژنانی کورد، سلێمانی 2012

3- ڕەسووڵ بۆسکانی، ژن لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و پێگەی سیاسیدا، سایتی دەنگەکان 2012

4- ئاشتی عەبدوڵڵا، گۆڤاری ژن 2015

5- ناسک محمد، دیالۆگ لەسەر پرسی ژن، چ1، سلێمانی، چاپخانەی رەنج، 2011

6- سەنگەر نازم، وێنەی ژن لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فەروغی فەروغزاد دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، 2013

7- سەعید بەشیر، سێکس لە ئایینەکانی جیهاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2008

8- ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدوڵڵا، فێمێنیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، زانکۆی سلێمانی 2013

9- ئارێز ئەندازیاری، پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا، کوردپیدیا 2012

10- نامیق هەورامی، پێگە و قەڵەمی ژن لە ئایینی دێرینی یارسان و مادەکاندا پێگەی ANFNEWS١ی دیسامبەری ٢٠٢٠

https://anfsorani.com/هۆرامی/-pg-w-qmy-zhn-l-yayyny-dryny-yarsan-w-madkan-da-22223

**بە عەرەبی:**

**1- *جورج طرابيشي،*** <u>شرق و غرب رجولة وأنوثة..دراسة في أزمة الجنس والحضارة في الرواية العربية</u>

رسالة ماجستير

2- نور فرج، الادنى في سلم العمالة النسائية بالعالم، كركوك ناو 2020

3- محسن حسن العراق بلد الارامل و الايتام، موقع الزمان، 2012

4- حالة المراة في تونس، موقع الكرامة27 2022 april-

5-عبدالرحمن الطوخي، مكانة المراة في بعض الحضارات القديمة و الاديان الاخرى، موقع الالوكة

6- على سعيد، وضع المراة في الفلسفة اليونيانية، موقع واينتي

7- علا محمد اسماعيل، مانة لمراة في بلاد اليونان، موقع همس الجوارى.

8- ادم عربي، المراة عند الاغريق، حوار متمدن 2009

9- محمد فكري الدراوي، المراة على مر العصور، ملتقى اهل الحديث

10- د.محمد فؤاد البرازي، الحجاب عن اليونان، منتدى قبيلة الهول

11- ابوراس يوسف، المراة في كتابات فلسفة اليونان، جامعة المسلية.

12- امام عبدالفتاح امام، افلاطون والمراة، ط2، مؤسسة الاهرام للنشر و التوزيع، 1996

13- صلاح حمودة، المراة في اليونان القديمة

14- لماذا انا نسوية، سيمون دى بوفوار، موقع الدحنون

15- د. عادل عمر،الاجهاض خارج القانون،

16- ريمو نجيب شكري، مكانة المراة في الاديان المختلفة، موقع حوار المتمدن2011

17- سهيلة زبن العابدين حماد، وضع المراة قبل الاديان السماوية

18- خيري شنكالي، دور المراة في المجتمع الكردي، كورديبيديا

19- من عادلة خان الى ليلى زانا، مارتن فان برونسين

20- د. سوزدار، تصحيح تاريخ كورد المحرف المسروق

**بە فارسی:**

(سیلویا فدریچی، انباشت کارو تنزل جایگاه زنان، ت. مهدی صابری، 2016

https://pecritique.com/2016/02/12/انباشت-کار-و-تنزل-جایگاه-زنان-سیلویا-ف/)

